دۆسیەی ژمارە: گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران..

گفتۆگۆ لەگەڵ سادق عەزیزو جەلیل ئازادیخواز

لە لاپەرە 11-12دەخوێننەوە...

# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالَی سێهەم ژمارە (67) 15/1/2020 | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستیە

# دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد چاکسازی هەڵناگرێت!

## وتەی ژمارە

پرسی چاکسازی کە کابینەی نۆهەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان! تۆختر لە کابینەکانی پێشتری خۆی بەدەستیەوە گرتووە، جێگای مشتومرێکی زۆرە.

کابینەی نۆهەم و حکومەتەکەی پرۆژەیە یاسایەکی چاکسازی ئاراستەی پەرلەمان کردوە، ئەم پرۆژە یاسایە کە دوورو نزیک بەلای چاکسازیی لە داهاتەکانی نەوت و خاڵە سنورییەکان و داهاتەکانی ناوخۆدا نارِوات و ئاماژەیەکیش بەو سەدان تانکەرە نەوتە ناکات کە رۆژانە بە قاچاخ دەفرۆشرێن و داهاتەکانیان دیار نییە. هاوکات لە پرسی چاکسازی لەموچەو دەرماڵەکانی پلە باڵاکاندا، پێداگری لەسەر هەمان تالانی دزی دەکاتەوەو دەیەوێت بە یاسایی بکاتەوە.

ئەم پرۆژە چاکسازییەی حکومەت کە نێردراوە بۆ پەرلەمان، لەگەڵ شاردنەوەی داهاتی خاڵە سنورییەکان، داهاتەکانی نەوت، داهاتی ناوخۆ... تاد. یەک ڕاستی بە زەقی دەخاتە روو. ئەو ڕاستیەش ڕاگەیاندنی درێژەدانە بەهەمان جەنگی چینایەتی لەدژی چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگە، بۆ خاڵی ڕاگرتنی گرفانیان و بەتاڵان بردنی دەست ڕەنج و چاو نوقاندن لە ماف و داخوازییەکانیان.

ژمارەیەک ئەنگەل و توێژێکی مشەخۆری سیاسی لەگەڵ ئەوەدا کە بەیاسا موچەی خەیاڵی و ئیمتیازاتی چەوریان بۆخۆیان و ئایندەیان بەناوی خانەنشینیەوە، جێگیرکردووە، هاوکات بەسەدان هەزار کەسیان لە ڕێگای موچە بۆ بن دیوارەکان" گوێ لەمستەکانی خۆیان" و بەسەدان خانەنشینی ئەرک نەدیوو، بڕیوەتەوە. لەبەرامبەردا کریکاران و کارمەندان کە ڕۆژانە هەشت سەعات و زیاتریش خەریکی کارو بەرهەم هێنان و راپەراندنی کاری هەمەجۆری کۆمەڵگەن و بەمانای وشە کۆمەڵگە لەسەر شانی ئەوان دەچەرخێ، موچەیەکی ناچیزیان پێدەدرێت. بەناوی پاشەکەوتی موچەشەوە موچەی چەندین مانگیان لێ بڕدراوەو لەم ساڵیشدا سێ موچەی فەرمانبەران نەدراوە. ئوردوی بێکاران و کریکارانی کەرتی گشتی وەزعیان لەوەش خراپترە...

لەدۆخێکی ئاوادا توێژی حکومەتداری و پەرلەمانتارەکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و بەرپرسانی سلکی سەربازی و ئەمنی و دەزگا هەواڵگرییەکان، بە بیستینی کەمکردنەوەی نەک موچەکانیان، بەڵکو بە بیستینی کەم کردنەوەی موچە خانەنشینی و ئیمتیازاتەکانیان، گڕیان گرتووە... چ بێ شەرمییەکە؟ موچەی کرێکارێک کەمتر لە ملیۆنێک یان چەند سەد هەزار دینارێک بێت، لە بەرامبەردا موچەی ئەندام پەرلەمانێک ٨ ملیۆن دینار بێت و خانەنشینیەکەشی بەهەمان شێوە زیاد لە پێنج ملیۆنێک بێت.. ئەم نابەرابەرییە لە موچەدا، تەنها نابەرابەرییەکی ئابوری رووت نییە، بەڵکو ریشەی لە نابەرابەریەکی چینایەتی قوڵدایە... نابەرابەریەک کە حکومەت و یاسای لەپشتە، باندی دزی و میلیشیایی چەکدار پشتیوانیەتی.

لەسەیر سەیرتریش، ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمانی دەم گەرم و تەسەلی بێکارە و دەست وپێ سپی و بودەڵەی سیاسی بەنرخی ڕۆژ نان خۆر، لەگەڵ حکومەتێکی خاوەن پرۆژەی چاکسازی بۆ بەیاساییکردنی موچەی چەند ملیۆنی و ئیمتیازاتی مادام العمر بۆ پلە باڵاکان، باسی چاکسازی و وەفا نواندن بۆ کۆمەڵگە و خەڵکی کوردستان دەکەن.

بۆ لاپەڕە ٢

## مەراسیمی ساڵیادی ڕێزنان لە یادی ژیان و خەباتی کۆمۆنیستی هاوڕێ جەبار مستەفا، بەڕێوەچوو



بەرواری ١١/١/٢٠٢٠ لەهۆڵی یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی سلێمانی... مەراسیمێک بۆ ڕێزگرتن لە یادی خەباتکارانەی هاوڕێ جەبار مستەفای تیکۆشەری کۆمۆنیست، و ناساندنی کتێبێک بەناوی" تەمەنێک تێکۆشان، لە پێناو گێڕانەوەی ئیرادە بۆ ئینسان"دا. لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستانەوە بەڕێوەچوو.

سەرەتای مەراسیم بە دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێزگرتن لەیادی خەباتکارانەی

بۆ لاپەڕە ٢



## سادق عەزیز: جەماوەری ڕاپەڕیوو، ناچنە سەنگەری لایەنەکانی ئەم ڕووبەڕووبونەوانە و ئاڵودە نابن بە وەهمی ڕۆڵی ئەمریکا و ئێران...ل11



## جەلیل ئازادیخواز: لە ڕاستیدا کێشەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا بە کوشتنی قاسم سلێمانی پێ دەنێتە قۆناغێکی تازەو گۆڕانی بنەڕەتی بە خۆیەوە دەبینێ... ل12



ململانێی نێوان ئەمریکاو ئێران خۆپیشاندانەکانی عێراقی خامۆش نەکردەوە..ل3

خۆپیشاندانەکان لە ئێران دەستێ پێکردەوە...ل3

کوشتن و ڕەشەکوژی ڕژێم ناتوانێ بەر بەناڕەزایەتی خەڵك بگرێت..ل4

شۆڕشی نان و ئازادی بەخوێن...ل5

هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان......ل8

دیمانە لەگەڵ نۆما حەمید سەبارەت بەخۆپیشاندانەکانی عێراق...ل9

قسەو باسی نوری بەشیر لە پانێڵی ورکەر لیبرتی ...ل10

پرسی ژن ؟ ل6

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل7

# مەراسیمی ساڵیادی ڕێزنان لە یادی ژیان و خەباتی کۆمۆنیستی هاوڕێ جەبار مستەفا، بەڕێوەچوو...

هاوڕێ جەبارو سەرجەم گیانبەختکردووانی ڕیگای ئازادی و سۆشیالیزم دەستی پێکرد.
پاشان ژیاننامەی هاوڕێ جەبار مستەفا، لەلایەن هاوڕێ مستەفا باهیرەوە خوێندرایەوە، کە تیایدا ئاماژەی بەچەندین گۆشە لە ژیان و خەباتی کۆمۆنیستی و رۆڵی ئەو لە ماوەی خەباتی ٤ دەهەی کۆمۆنیستیدا، کرد.



لەمیانەی مەراسیمەکەدا تاجە گوڵینەی ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی هاوڕێ جەبار مستەفا، لەلایەن "ئەختەر مستەفا و کاک مەهدیەوە" لەسەر وێنەکەی دانرا.
بەدوای ئەوەدا، چەند بەش لەدیمانەیەکی هاوڕێ جەبار نیشاندرا، کە بەرنامەی سەکۆی چەپ لە تەلەفزیۆنی ڕێگا، لەگەڵی سازی دابوو.
پاشان لەلایەن هاوڕێ عوسمانی حاجی مارفەوە چ وەکو سکرتێری کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و چ وەکو هاوڕێیەکی نزیکی شەخسی، وتەیەک پێشکەش کرا، کە تیایدا بەجیا لە باسی رۆڵی خەباتکارانەو کۆمۆنیستی و ماندوونەناسی هاوڕێ جەبار، باسی لە بەپراکتیک دەرهێنانی کۆمۆنیزم و لایەنی ئینسانی بوونی هاوڕی جەبار کرد، لە ژیانی سیاسی و خەباتکارانەو شەخسیدا.
وتەی هاوڕی شیرین موراد، هاوریێ و هاوسەری هاوڕێ جەبار مستەفا لەلایەن هاوڕی سیوەوە خوێندرایەوە کە بۆ مەراسیمەکەی ناردبوو. لەم نامەیەدا هاوڕێ شیرین سوپاس گوزاری خۆی ئاراستەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان و هاوڕێیانی کرد بۆ سازدانی مەراسیمی ریزلێنان و ئامادەکردنی کتێبێک بەناوی" تەمەنێک تێکۆشان، لە پێناو گێڕانەوەی ئیرادە بۆ ئینسان"دا.
لەدرێژەی مەراسیمەکەدا کتێبی "تەمەنێک تێکۆشان، لە پێناو گێڕانەوەی ئیرادە بۆ ئینسان" لەلایەن هاوڕێ کامەران لەتیفەوە ناسێندرا، کەتیایدا باسی لە ناوەرۆکی کتێبەکەو چۆنیەتی ئامادەکردنی کرا...




ئەم کتێبە بەجیا لە ژیاننامەکەی هاوڕی جەبار، چەندین نووسین و وتە و وتاری هاوڕێیان و بیرەوەرەی لە پەیوەند بەرۆڵ و خەباتی هاوڕی جەبار مستەفا لە ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی و زیندان و شەخسی و خانەوادەدا، گرتۆتە خۆ.
شایانی باسە، ئەم کتێبە بە کۆمەکی هاوڕێیان و دۆستانی هاوڕێ جەبار ئیمکانەتە دارایەکەی دابین کراوە. وە هەر لەو مەراسیمەدا بەجیا لە ناساندنی کتێبەکە، کتیبەکە لەلایەن هاوڕی عوسمانی عاجی مارف و ئەختەر مسەفاوە، بەسەر ئامادەبواندا دابەش کراو ئامادەبوانیش بەشورشەوقەوە پیشوازییان لە کتیبەکە کرد...
بەم شێوەیەش مەراسیمی ریزنان لەیەکەمین ساڵیادی خەباتکارانەی هاوڕێ جەبارو ناساندنی کتیبی" تەمەنێک تێکۆشان، لە پێناو گێڕانەوەی ئیرادە بۆ ئینسان" سەرکەوتوانە کۆتایی پێهات.
جێگای باسە، هەر بەبۆنەی ساڵیادی دواین ژیانئاوایی هاوڕێ جەبار مستەفا، لە شاری سندی ئوستراليا و لەبەرواری ١٢/١/٢٠٢٠ دا مەراسیمێک لەلایەن هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی و کوردستان و عیراق و خانەوادەو هاوڕێیانیەوە سازکرا.
هاوڕێ جەبار مستەفا، ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان و کەسایەتیەکی ناسراو و کاریگەری ناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە عێراق و کوردستان بوو کە بەرواری ٣١/١٢/٢٠١٨ بۆیەکجاری بەهۆی نەخۆشیەوە چاوی لێکنا. هاوڕێ جەبار مستەفا زیاتر لە چوار دەیە، بێوەستان تێکۆشا و خۆنەویستانە درێژەی بەخەباتی کۆمۆنیستی دا لەپێناو دنیایەکی باشتر و بێبەری لە زوڵم و زۆری هەزار سەرەی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری.

## درێژەی وتەی ژمارە...

ئەم توێژە کە پارێزەری سیستەمی بەتاڵانبردنی سەرمایە و سەرمایەدارەکانن، بەجیا لەخوار ڕاگرتنی موچەی کرێکاران و کارمەندان، کاریان سەندنەوەی مافە زۆر سەرەتاییەکان و کەم کردنەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و هەرزان فرۆش کردنیانە بە کەرتی تایبەتی.
پرۆژەی چاکسازی حکومەت و هەر چەشنە پرۆژەیەکی تری چاکسازی لەژێر سایەی دەسەڵاتی حزبۆکراتی بۆرژوازی کوردا، ناتوانێت لەو پرۆژە ئابڕوبەرانە چاکسازییە باشتر بێت کە کابینەی نۆهەمی حکومەت ئاراستەی پەرلەمانی کردووەو راسپاردووە، تا پەلە لە بەیاساکردنیدا بکەن. ئەم دەسەڵاتە ئەگەر چاکسازی واقعی بکات، بەسەریەکدا دەڕمێت. چاکسازیی لە داهاتەکانی نەوت و خاڵە سنورییەکان و داهاتەکانی ناوخۆدا نوخبەی سیاسی دەسەڵات بەدەست، دەستخاڵی دەکات، بۆیە ناتوانن بەجدی دەستی بۆببەن. ئەو سەدان تانکەرە نەوتە کە ڕۆژانە بە قاچاخ نەوت دەفرۆشن، خاوەنەکانی دزانی خاوەن پێگەی دەسەڵاتن بۆیە ناتوانن لێپێچینەوە لەگەڵیان بکەن...
بەدەستەوە گرتنی پرسی چاکسازی لەلایەن کابینەی نۆهەمەوە، بۆ خامۆشکردنەوەی تورەیی جەماوەیی بوو، فریوکاری بوو بۆ سپی کردنەوەی رووی دەسەڵاتیکی رەشی دزی حزبۆکراتی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکی بزوتنەوەی کوردایەتی.
چاکسازی واقعی لەلایەن دەسەڵات و ئەو ئۆپۆزیسیۆنە بودەڵەیەوە بەخۆشی خۆیان لەوەهم وەهمترە. ئەوەی دەتوانێت چاکسازی واقعی دابسەپێنێ، گوشاری بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لەخوارەوەی کریکاران و کارمەندان و بێبەشانی کۆمەڵگەیە. چینی کریکارو بێبەشانی کۆمەڵگە بە هاتنە مەیدان و ڕێکخراوی خۆیان، بە راگرتنی چەرخەکانی بەرهەمهینان و ناوەندەکانی بەرهەمهینان و خزمەتگوزارییەکان، دەتوانن گەروی پڕ نەبووی ئەو دەسەڵایە بگوشن و گیرفان و خەزێنەی پڕیان کە بەرهەمی نابەرابەری و دزی و تاڵانی ئاشکرایە دابتەکینن و ناچاریان بکەن، دەست لەو هەموو جەردەیی و دزییە ئاشکراو نایاسایی و بەیاساییکراوەیان بگرن.
ئێستا دوای دەرکەوتنی ماهیەتی ئەم کابینەیەو هاش و هوشی پوچی چاکسازییەکەی، کاتی ئەوەیە خەڵکی بێبەش و نەداری کوردستان، کرێکاران و کارمەندان، بێکاران و ئۆردوی ئامادە بەکار، لاوان و خانەنشینان و کەم ئەندامان...تاد، سێڵاوی رقی خۆیان لە شەقامەکاندا نیشان بدەن، لەکارگەکاندا کار رابگرن و لە ناوەندە خزمەتگوزارییەکاندا، مانبگرن و نیشانی بدەن کە ئەوان خاوەنی کۆمەڵگەو جوڵە و بەرێوەبردنی واقعی ژیانن... کاتی هاتنە مەیدان و وەستانەوەی جەماوەرییە بەرووی دەسەڵاتی ڕەشی بزوتنەوەی کوردایەتی و پاکیجە یەک لەدوای یەکەکانیان بۆ درێژەدان بە دزی و تاڵانی و بێمافی و گرانی و بێکاری و هەموو موسیبەتەکانی تری ئەو دەسەڵاتە.

**ناوەراستی جەنیوەری ٢٠٢٠**

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە "گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# ململانێی ئێران و ئەمریکا خۆپیشاندانەکانی عێراقی خاموش نەکردەوە!

خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییە فراوانەکانی عێراق، دریژەیان هەیە. ململانێی و چوونەسەری ئاستی گرژییەکانی نیوان ئەمریکاو ئیران بەدوای کوژرانی قاسم سلێمانیدا، تا ڕادەیەکی زۆر ترس و دڵە راوکێی لە ئاستی عیراق و ناوچەکەدا دروستکرد، بەڵام بەو هۆیەوە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری توانیویەتی ئەلقەی" نەشەر و نەئاشتی" جەنگی



بێ چەوری و چەوری" نیوان ئەمریکا و ئێران تێپەڕێنێت، هەر زوو باڵانسی خۆی راگرت و لەشەقام مایەوە...

بیگومان کەشی جەنگ و فەزای ترس، مۆتەکەی سەر هەر بزوتنەوەیەکی جەماوەرییە و هۆکاریشە بۆ لاوازکردنی و تەنانەت خامۆش کردنەوەی، بەڵام بزوتنەوەیەک توانیبێتی درکی ململانێکان بکات، هیزەکان بناسێت، ئەزموونی لە ئەزموونی هیزە دەرگیرەکان وەرگرتبێت، توانایی ئەوەیشی دەبێت لەسەر قاچەکانی خۆی بوەستێت و تاکتیکی پیویست بگرێتە بەر. لەوەش واوەتر دەتوانێت ببێتە بەشێک لە هیزی کاریگەری سەر ململانێکان.

بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە عێراقدا، بەو هۆیە سادەی کە توانیویەتی، ناوەرۆکی ململانێی سیاسی سەر گۆرەپانی عێراق بخوێنێتەوە، بەتایبەتیش کە بۆیان رۆشنە ململانێی نیوان هیزەکان لەسەر ئاستی عیراقدا، دابەشی سەر دوو بلۆکی ناسراو بوون، لەوانەش بلۆکی ناوچەیی ئیران کە هیزە سیاسی شیعییەکان خۆیان پێوەی گرێداوە چەقی دەسەڵاتیشیان کۆنترۆڵ کردووە، لەگەڵ بلۆکی ئەمریکاو غەرب کە هیزە سیاسییە ناسیونالیستە لەدەسەڵات پەراوێزخراوەکان خۆیان پێوەی گریداوە... ململانێی نیوان ئەم دوو بزوتنەوە سیاسییە، بە پشتیوانی ئیران و ئەمریکا.... یەکێک لەسەرچاوە هەرە سەرکیەکانی ئەم دۆخە سیاسی و ئابوری و پشیوە کۆمەڵایەتیەیە کە کۆمەڵگەی عێراقی، توشی گەورەترین مەرگەسات و خوێن بەربوون کردووە. تیپەرێن لە بازنەی ئەو ململانێیە و وەستانەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری شەقامی شارەکانی عێراق بەدژی هەردوو بلۆک و هیزە سیاسییەکانیان، ئەو دەستکەوتە سیاسیەیە کە بەرهەمی چوونەسەری خۆ هوشیارییەکی باڵایە، کە توانیویەتی لەسەر قاچەکانی خۆی بوەستێت.

لەوەش واوەتر بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری توانیویەتی ببێتە لە هیزی بڕیاردەر لەسەر ئایندەی سیاسی عێراق... حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی ناچار بووە ئەوە قبوڵ بکات، کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیزی جەماوەری لەشەقامدا، توانای هیچ بریارو ئاڵوگۆڕێکی لەسەرەوەی نییە. فریوکاری و سەرکوتی بەردەوام، تادێت کاراییان، لەدەست دەدەن.

لەئیستادا، دروشمی خۆپیشاندەران و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بە هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و پەرلەمان، چوونەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا و هیزەکانی سەر بە ئیران و میلیشیاکانیان، دەتوانێت، هاوسەنگی هیز بە سودی بزوتنەوەو راپەرینی خەڵکی عێراق بگۆرێت و پیگەی خۆیشی بۆ بریاردان لەسەر ئایندەی سیاسی عێراقدا، جیگیر بکات...بۆیەکلایی کردنەوەی ئەو نەبەردە بەسودی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگە ئامادەیی هەمەلایەنەی سیاسی و مەیدانی نیشاندانی رۆڵی رابەری هیزی چەپ و کۆمۆنیستی پیویستە ...

# بەدروشمی" مەرگ بۆ درۆزن، خۆپێشاندان لە شارەکانی ئێران دەستی پێکردەوە...

دوای خستنە خوارەوەی فرۆکەیەکی نەفەر هەڵگری ئۆکرانی لەلایەن سیستەمی بەرگری رژێمی ئیران، لە ژێر دروشمی "مەرگ بۆ درۆزن، یانی مەرگ بۆ جمهوری ئیسلامی ئیران" ناوەندی شاری تاران و چەندین شاری تر بوونەوە بە شانۆی نمایشی نارەزایەتی جەماوەری بەدژی رژیمی پەت و سیدارەو تیرۆریستی ئیراندا.

دوای کوژرانی گەورە تیرۆریستی ئیران و ناوچەکە "قاسمی سولەیمانی" لەلایەن ئەمریکاو فرۆکەی بێ فرۆکەوانەوە لەچوارچێوەی جەنگی دەسەڵاتیاندا لەناوچەکە، جمهوری ئیسلامی کەوتە دوبارە نیشاندان و نمایش سازی جوڵاندنی هەستی دژە ئەمریکایی و فرمیسک رشتن بۆ مستەزەعەفینی زوڵملیکراو لەلایەن شەیتانی گەورە "ئەمریکا" و کۆکردنەوەی جەماوەری و بەڵێندان بە تۆڵەکردنەوە لە بەرامبەر کوشتنی سەرداری ئیسلام، قاسمی سولەیمانی.
وە دۆخی دوای کوژرانی قاسمی سولەیمانی، بووە مایەی ترس و دڵە ڕاوکی جەماوەری فراوان لە عیراق و تەواوی ناوچەکەو دنیادا... وە وا پیشبینی دەکرا کە فەزای ترس و گرژبوونی زیاتری نیوان ئەمریکا و ئیران، بزوتنەوەی نارەزایەتی کریکاریی و جەماوەری لە عیراق و ئیران و لوبنان و ناوچەکە، بەرەو خامۆش بوونەوە دەچن و سەرئەنجام خەڵک



دەنێردرێنەوە ماڵەوە، بەڵام قوڵی قەیرانی حکومەتی و ئاستی نارەزایەتی جەماوەری و چوونەسەری خۆ هۆشیاری سیاسی، لەوە زیاتر و بەرینتر بوو، کە بتوانێت دەنگی نارەزایەتی شەقام خاموش بکاتەوە ببیتە قوربانی ململانێی نیوان ئەمریکاو ئیران.
بۆیە چ لە عێراقدا خۆپیشاندانەکان بەهێزی خۆیانەوە مانەوەو لە ئیرانیش تورەیی و نەفرەتی قوڵی جەماوەری لە تەقینەوەی ئان و ساتدا و لەدریژەی خۆپێشاندان و نارەزایەتیەکانی دەورەی پیشوودا، دوبارە هاتەوە مەیدان...
هاتنە مەیدانی ئەمجارەی خەڵکی ئێران، لە ژیر ناوی دەربرینی هاوپشتی و هاوخەمی بۆ قوربانیانی فرۆکە ئۆکرانیەکەو نەفرەت لە دەسەڵاتی ئیسلامی ئیران بە خستنە خوارەوەی فرۆکەکە، دەستی پێکردەوە، بەڵام ریشەی ئەم خۆپیشاندانانە زۆر لە خستنەخوارەوەی فرۆکە ئۆکرانیەکە قوڵترەو ریشەی لە "نا وتن" بەسەرجەم نیزامی سیاسی سەرمایە لە ئیراندایە، و لەدرێژەی بزوتنەوەی روو لەپێشی کریکاری و جەماوەریدایە بەدژی نیزامێک کە ژیانی لە دەیان ملیۆن ئینسان کردۆتە دۆزەخ. لە ئێستادا دروشمی "بڕوخێ دیکتاتۆر" " مەرگ بۆ خامەنەیی" " نان، کار، ئازادی" لە دروشمە سەرەکیەکانی خۆپێشاندرانن.... ئەم هاتنەوە مەیدانەی جەماوەری بێبەشی ئێران، دوای هەفتەیەک لە کوژرانی قاسم سولەیمانی، پوچی نمایشی رژێمی لە بە زۆر کۆکردنەوەی جەماوەر، دەرخست و هاوکاتیش نیشانی دا، کە بانگەشەی وەستانەوە بەرووی دوژمنی دەرەکی و ئەمریکا، ناتوانێت، جەماوەری وشیاری ئیران لە خەبات بۆ روخاندنی رژێم خاوبکاتەوە...



# کوشتن و ڕەشەکوژی ڕژیم ناتوانێ بەر بە نارەزایەتی خەڵك بگرێ

نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

ڕۆژی ٣ی ژانویەی ٢٠٢٠ ی زایینی قاسم سلێمانی گەورە تیرۆریست و جینایەتکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە لایەن هێزەکانی سەر بە ئەمریکاوە کوژراو و کارنامەی تەژی لە جینایەت و کوشتن و بڕینی بۆ هەتاهەتایە کۆتایی پێهات. سلێمانی فەرماندەی گشتی هێزی سەرکوتگەر و جینایەتکاری قودسی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو، کە لە هێرشێکی ئاسمانی و لە ئەنجامی پێکانی لەلایەن هێزەکانی ئامریکاوە هاوکات لەگەڵ فەرماندەرانی حەشدی شەعبی کوژراو. بە وتەی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بڕیاری ئەو هێرشە لە لایەن خودی دۆناڵد ترامپەوە دراوە .قاسم سلێمانی بە هۆی جینایەت و خۆشخزمەتیەکانی بە رژێمی ئیران یەکێک لەو کەسانە بوو کە جێگای متمانەی ڕێبەری نیزام بوو. هەر لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی سلێمانی بە سپاسی پاسداران پەیوەست دەبێ و دوای راهێنانێکی نیزامی ٤٥ ڕۆژە ناوبراو بۆ کوردستان ڕەوانە دەکرێ تا شۆڕشی کوردستان کپ بکات و خەڵک سەرکوت بکا. سلێمانی جینایەتکار بەهۆی جینایەت و سەرکوت لە کوردستان دەتوانێ پلەکانی خۆی لە سوپا بەرێتە سەر و پەیوەست بێ بە هێزی سەرکوتگەری قودسی سپای پاسداران. لە ماوەی تەمەنی نەگریسی کۆماری ئیسلامی ئەو مۆرانەی کە لە کوردستان لەگەڵ حیزبەکانی جێی متمانەی خەڵک لەوانە کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات شەڕیان کردووە و لەو ناوچانە ڕەشەکوژی و جینایەتیان خولقاندووە لە مۆرە سەرەکیەکانی نیزام بوون، چوونکە بەهۆی خزمەتیان بە مانەوەی ڕژیم و سەرکوتی خەڵکی بێتاوان ڕۆژ بە ڕۆژ پلەیان دەچووە سەرەوە متمانەی دەسەلاتداران و ڕێبەرانی پلەیەکی ڕژیمیان بە دەست دێنا. بەهەرحال قاسم سلێمانی یەکێک لە جینایەتکارترین مۆرەکانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ٣ ی ژانویە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە کوژراو و دۆسیەی ئەو مۆرە سوتاوەی ڕژێم بە پلانی لە پێشدا داڕێژراو و لەپێناو مامەڵەکردنێکی ژێر بە ژێری کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەمریکا بۆ هەتاهەتایە لەسەر زەوی سڕایەوە و کوژرا، دوابەدوای کوژرانی قاسم سلێمانی لە بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٨ی ژانویەی ٢٠٢٠ی زایینی دوای شانۆی گێرانی لاشەی قاسم سلێمانی بە ناو شارەکانی ئێران و مانۆڕی ڕژیم و لایەنگرانی ئەو گەورە تیرۆریستە کە پێکهاتوو لە مۆرەکانی ڕژیم و شیعە توندڕەوەکانی ئێران بوو. رژیمی ئێران و ئەمریکا لە ڕێکەوتنێکی ژێر بە ژێر بۆئەوەی لایەنگران و گروپە توندڕەوە شیعەکانی ناوچەی لایەنگری سلێمانی و بنەماڵەی ناوبراو رەخنە لە ئێران نەگرن کە هیچ هەلویستێکی لە بەرامبەر کوژرانی سلێمانی نییە، هێزی سپای پاسداران چەندین موشەکی ئاراستەی پایەگا و شوێنی سەربازی ئەمریکا کە پێشتر ئاگادار کرابوون و چۆڵ کرابوو کرد و شانۆیەکی فریوکارانەی وەرێخست و خۆی بە سەرکەوتوی مەیدانی شەرەکە ناو برد. شانۆی ئەو هێرشە و ململانیی فریوکارانەی نێوان ڕێبەرانی پایەبەرزی ئەمریکا و ئێران بۆ هەموو لایەنە سیاسیەکان جێگای شک و گومان بوو، کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆئەوەی لەو ڕوداوە بە قازانجی خۆی کەڵک وەرگرێ و ڕوداوەکان و نارەزایەتیەکانی ئەم دوایانەی ئێران، کە کوشتن و بڕینی و زیندانی خەڵکی بێتاوان و وەزاڵەهاتبووی بە دواوە بوو و ڕەشبگیری ڕژیم هەربەردەوام بوو، بەرەو ئاقارێکی تر ببات. بەڵام بە ڕوداوێکی دڵتەزێنی دیکە کە بە داخەوە بووە هۆی گیان لە دەست دانی نیزیک بە ٢٠٠ مرۆڤی بێ تاوان لە نیزیکی تاران بەدەستی کۆماری ئیسلامی روون بوو وە ڕوداوەکان بە شێوەیەکی تر گۆڕا. چەند کاتژمێر دوای هێرشی ئاسمانی بۆسەر بنکە چۆڵەکانی ئەمریکا لەلایەن سپای تیرۆریستی پاسداران هەواڵی کەوتنە خوارەوەی فرۆکەیەکی ئوکراینی بڵا کرایەوە و شک و گومانەکان لەو پەیوەندیەدا کە گوایە ئەم فرۆکە لەلایەن موشەکەکانی ئیرانەوە پێکراوە زیاتر بوو، چوونکە ئاماژەکان دەرخەری ئەوە بوون کە فرۆکەکە پێکراوە و لەو پەیوەندیەدا هێزە نێونەتەوەییەکان بێ دەنگ نەبوون و خەریکی لێکۆڵینەوە بوون. ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی ئێران کە عاملی کوژرانی زیاتر لە ٢٠٠ مرۆڤی بێ تاوان بوو بێدەنگی نواند و خۆی لەو بوارەوە بێ ئاگا نیشان دا. بەڵام ڕوونی ڕوداوەکە و بە دواداچوونی ولاتانی ئوروپایی و ئەمریکا بوو بە هۆی ئەوەی کۆماری مرۆڤکوژی ئێران دان بە تاوانەکەی دابنێ و سپاسی پاسداران لە ڕاگەیاندراوێکی بێ شەرمانەدا خۆی بە عاملی ئەو ڕوداوە زانی و ڕایگەیاند کە هەڵەیەکی مرۆڤی بووە. ئەم پرسە بوو بە هۆکاری ئەوەی جارێکی تر خەڵکی وەزاڵەهاتوو بە تایبەت چینی کرێکاری ئەو ولاتە رقی پەنگ خواردووی خۆیان هەڵڕێژن و بڕژێنەوە سەر شەقامەکان. هاتنە سەرشەقامی خەڵک و نارەزایەتییە جەماوەریەکان لەئێران دوای ڕوداوی کوژرانی موسافیرانی فرۆکە ئوکراینیەکە لە حاڵێکدایە کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە چەند مانگە لە ئێران رەشەکوژی و رەشبگیری وەرێ خستووە و رۆژ نییە هەواڵی کوژرانی خەڵکی نارازی و بێتاوان کە تەنیا لە بەرامبەر سیاسەتە دژە مرۆڤی و شەرانگێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە هۆکاری هەژاری و بێدەرەتانی خەڵکی ئەو ولاتە بوو نارەزایەتیان دەربڕی نەبیسرێ. جەماوەری خەڵکی نارازی جارێکی تر شەقامەکانیان داگیر کردەوە و بە دروشمی ڕادیکاڵتر و نەترسانە کە خوازیاری ڕوخانی یەکجارەکی کۆماری ئیسلامی بوون و ڕێک دروشمیان بە دژی ئۆرگانە دەوڵەتیەکان و بە تایبەت ڕێبەری سەرەکی نیزام دەدا بەهێزێکی زۆرتر هاتنە مەیدانەوە و خوازیاری کۆتاییهاتن بەو سیستم و ڕژیمە درندە بوون. کۆماری ئیسلامی کە بە هیچ شێوەیەک چاوەڕوانی ئەوە نەبوو کە خەڵک سەرەرای ئەو کوشتن و بڕینە سەرکوتە ئاوا بە خێرایی و نەترس بڕژێنە سەر شەقامەکان زراوی لەو هێزە میلیۆنییە چووە و دەزانێ پایە لەرزۆکەکانی حاکمیەتەکەی روو لە ڕوخانە و خەریکە دوایین پەلەقاژەکانی دەهاوێژێ. ئەوەی کە خەڵکی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ کوژرانی نیزیک بە ٢٠٠ مرۆڤی بێتاوان لە هەموو کات تووڕەتر کرد ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەوەی جینایەتی خولقاندبوو لەو بوارەدا بێدەنگی نواند و دوای گوشاری نێونەتەوەیی و لێکۆلینەوەکان و بوونی بەڵگە بێدەنگی شکاند و ڕاستی روداوەکە ئاشکرا کرا. هەر چەند کۆماری ئیسلامی نەگیانی مرۆڤەکانی بۆ گرینگە و نە هیچ کات دانی بە راستییەکان داناوە و پایەکانی ڕژیمەکەی لەسەر درۆ و تاوان و کوشتن و بڕین ڕۆنراوە. لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی تا بە هەنووکە ئەو ڕژیمە دڕەندە و خوێنمژە کارنامەیەکی ڕەشی لە تاوان و جینایەت بۆخۆی تۆمار کردووە. تیرۆر و کوشتن هەمیشە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بووە و دەسەلاتدارانی لە هەموو ولاتیک دەستیان بەخوێنی ئازادیخوازان سوور بووە لەناوخۆی ئێرانیش ساڵەهایە دیاری بۆ خەڵکی ئێران کوشتن، جینایەت، ڕەشبگیری، مادەی سڕکەر، خۆکوژی، بێکاری و هەموو دیاردە کۆمەلایەتیەکان بووە. سەرەرای ئەو هەموو بەدبەختی و نەهامەتییە کە کۆماری ئیسلامی هۆکارەکەیەتی و داوێنی خەڵکی ئێرانی گرتۆتەوە، پرسێک کە دڵخۆشکەرە ئەوەیە کە خەڵک و جەماوەری ئێران هیچ کات لە خەبات سڵیان نەکردووە و بە بچووکترین روداوێک ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و دەنگ و هاواری خۆیان بە گوێی جیهانیان داداوە، هەنووکە لە ئێران هەر تاکێک وەک باشترین هەواڵنێر بە تەنیا موبایلێک دەتوانێ دەنگ و هاواری خەڵک بە گوێی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دابدا و نەترسانە بێتە مەیدانی خەباتی سیاسی و داوای مافی رەوای خۆی بکات. ئەوە ئەو راستیە دەخاتە روو کە تاکی ئێرانی و خەڵک بە گشتی لەو ولاتە قەت لە خەباتی خۆیان پاشگە زنابن وتاکۆتایی و ڕووخانی ڕژیم و وەدیهاتنی سیستمێکی مرۆڤتەوەر کە لەودا مرۆڤەکان ئازاد و یەکسان بن کۆڵ نادەن و هەمیشە شەقامەکان داگیر دەکەن و ترس و دڵەراوکێ دەخەنە دڵی حاکمانی دەوڵەتی سەرمایەداری دینی کۆماری ئیسلامی ئێران. خەڵکی ئێران دەبێ بەوە بگەن کە هەموو ئازادی و مافەکانیان لە سیستمێکی سۆسیالیستی و بەرابەر کە هیچ مرۆڤێک بەهۆی رەنگ و نژاد و ڕەگەز نەچەوسێتەوە مسۆگەر دەبێ.

**ئازادی بێقەیدو شەرتی بیروباوەر، دەربڕین، کۆبوونەوە، مانگرتن و خۆپیشاندان... مافێکی سەرەتایی خەڵکی کوردستانە!**

# شۆڕشی نان وئازادی بەخوێن

عبدالرحمن رەسول

شۆڕش واتە ئاڵوگۆڕکردنی سیستەمی دەسەڵاتداری لەکۆمەڵگە هەروەها هاتنەکایەوەی بارودۆخێک بۆ گۆڕانکاری لەڕوویی سیاسی وکۆمەلایەتی وفەرەنگی وپەروەردەییەوە. هەروەک لەکۆمەڵگەی ئێراندا لەدوای ساڵی١٣٥٧ هەتاوی بەزۆر هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی ئاخوندەکانی ئیسلامی لەئێران، کۆمەڵگەی ئێران جارێکی تر پاشەکشەی کرد لەڕوویی ئازادی و مافەکانی مرۆڤەوە، سەرکوت وئیستبداد بووە پیشەی هەمیشەیی کاربەدەستانی ڕژێمی ئیسلامی لەبەرامبەریشدا خەڵکی ئازادیخوازو یەکسانیخواز وەستایەوە بۆئەوەی ماف وئازادییەکانی خەڵک بەدەست بێت، لەوپێناوەدا زۆرترین قوربانی دراوە، خیابانەکان و زیندانەکان سوورکراوە بەخوێنی ئازادیخواز وسیکۆلار ویەکسانیخوازان. خەبات و تێکۆشان لە پێناو بەدەستهێنانی ماف و ئازادی و هێنانەگۆڕی ئاسایش و ئۆقرەی لە کۆمەڵگەدا، ئەرکێکی پیرۆزە. هەر بۆیە جەماوەری شۆڕشگێڕ و وەزاڵە هاتوی ئێران و کوردستان لە دەستی رژیمی خوێن ڕێژ وفاشیزم و مرۆڤکوژی ئاخوندی و نیزامی جەهل و جینایەتی ویلایەتی فەقیە، لەهەر بوار و دەرفەتێکدا کە هاتۆتە پێش کۆتاییان نەکردوەو وەک مرۆڤێکی زیندوویی خاوەن ئیرادەی ئازادیخوازی ویەکسانیخوازی و مرۆڤ دۆستی وسیکۆلاریستی دژی ئەم نیزام و دەسەڵاتە بۆگەن ودژە ئینسانییە ڕاپەڕیون و هەڵوێستی شۆڕشگێرانەیان گرتوە بەردەوام هەبووە ئەگەرچی خوێنیان لەجێگای هەڵوێستە ئینسانی و ئازادیخوازی وشۆڕشگێڕەکانیان داناوە ئەمەش بۆئەوەبووە کەنان و ئازادی بەدەست بهێنن، دوورلەچەوسانەوەو ئازاردان. لە نوێترین راپەرینی خەڵکی ئێران وکوردستان دا کە لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٩٨ دژ بە سیاسەتەکانی رژیمی دەسەڵاتداری ئێران دەستان پێکرد، پایەکانی کۆشکی زوڵم و زۆری ئەو دەسەڵاتەیان لەرزاندو کونترۆڵی بەشێک لە شارەکانیان گرتەدەست و بەو راپەرینە بەرفراوانە دەسەڵاتی ئاخوندەکانیان چەندین هەنگاو لە روخان و لەناوچوون نزیک کردەوە. هەربۆیە ئەم شەپۆلەی ڕاپەرین ڕەگ و ڕیشەی فاشیزمی ئیسلامی هێنایە لەرزین و بەرەو زیاتری ڕووخانی برد. چونکە زۆرێک لەناوچەوشارەکانی ئێران و کوردستانی گرتەوە لەوەڵامی ئەم نارەزایەتی و ڕاپەرینەدا فاشیزمی ئیسلامی کە ویلایەتی فەقیهی رژیم زۆر درندانەو بەشێوەیەکی هێستریک فەرمانی کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێرانیداو لە زۆرێک لە شارەکانی ئێران و کوردستان بە دەستڕێژی ڕاستەوخۆ وکۆپتەر جینایەتی گەورەیان خولقاند وزۆر بێ ڕوحمانە و دژە ئینسانییانە کەوتنە لەناوبردنی مرۆڤە نارازییەکان، زیاتر لە ١٥٠٠ کەس گیانی خۆیان بەخت کردو بەسەدان کەس بریندار و ژمارەیەکی زۆری دیکەیان راپێچی گرتووخانەکان کرد، هەروەها بەشێک لەتەرمی تێکۆشەرانی زیندانی کراوانی خەڵکی نارازی بەگیان بەخت کراوی لەڕووبار و بەنداو دەریاچەکان دەدۆزایەوەو بەهەزارانیش بێ سەروشوێن کراون. ئەمە نیشانەی هەبوونی دەسەڵات سیستەمی فاشیزمە لەکۆمەڵگەدا. کەنموونەیەکی کرداری فاشیزمی ئیسلامییە لەکۆمەڵگەی ئێران وکوردستان درێژەی پێدەدرێت لەلایەن ئاخوندەکانی ئیسلامی ئێرانەوە.

ئەزموونی مێژوویی رابردوو ئەوەمان پێدەڵێ کە هەتا دڕندەیی و خوێنڕێژی وفاشیزمی ئیسلامی لە ڕەفتارە دوور لە ڕێو شوێنە مرۆییەکانی ئەم نیزامە زیاتر بێ، هەستی بەرخودان و شۆڕشگێڕی و ماف ویستی و فیداکاری بۆ ڕزگاری وهێنانەدی ئازادی و نان لەم خوێنڕشتن و ماڵوێرانی و بێ مافیانەش لەلایەن خەڵکی شۆڕشێگێڕ وئازادیخواز زیاتر پەرەدەگرێ و یەکگرتوویی و هاوکاری جار لەدوای جار زیاتر دەبێ. گەنجان وجەوانانی کوڕ وکچ هێزی شۆڕشگێڕی خۆیان باشتر ڕێکخراو دەکەن وبزووتنەوەی نارەزایەتی وراپەرین خەڵکی شارەکان باشتر یەکگرتووتر دەبێت بۆ تێکۆشانی هەماهەنگی وهاوپشتیی یەکگرتوویی یەکتری لەنێوان شارەکانی کوردستان وئێراندا. خودی فاشیزمی ئیسلامی ئامانجی لەناوبردنی ئازادی وجوانییەکانی مرۆڤایەتی یە لەکۆمەڵگەدا، ڕاستی ئەوەیە کە ناوەڕۆکی فاشیزمی ئیسلامی واتە ڕەدکردنەوەی ئازادی و گەشەدانی سەرکوت و چەوسانەوە و نایەکسانی ونابەرابەری وزیندان ولەسێدارە وکوشتن وگەشەی هەژاری وبێکاری و بێ خانەولانەییە. بۆقۆناغی ئێستا فاشیزمی ئیسلامی هەمان پێناسەی ئاکاروکردەوەی فاشیزمی نازی و هیتلەری وەرگرتووە، بە کردار پیادەی دەکات ڕۆژانە. فاشیزمی ئیسلامی لە ئێران و تورکیا وعێراق دەوڵەت بەڕێوە دەبات. دیمەنە دڕندەکانی قۆناغی کاتی نارەزایەتی وخۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران وکوردستان و عێراق کەباشتر ئەو ڕاستی یە دەردەخات، کەڕاستەوخۆ هێزەکانی سەرکوتگەری فاشیزمی ئیسلامی کە ئازاری خەڵکی خۆپیشاندەر دەدەن وبەرشەق دەدرێن و دەیان خەنە ناوزیندانەکانی ئێران وعێراق .سسیتەمی فاشیزمی ئیسلامی ئێران بەدرێژایی ٤٠ ساڵەی بەوجۆرە ڕەفتاری کردووە بەنەفرەت بن بۆ خۆیان بیروباوەڕیان. پێویستە پشتیوانی شۆڕشی چەوساوەکانی ئێران بکرێت بۆئەوەی هەرچی زووترە ئەو فاشیزمە لەدەسەڵات نەمێنێت .پێویستە خەڵکی عێراق هاوشانی خەڵکی ئێران فاشیزمی ئیسلامی لەکۆمەڵگەدا ڕابماڵێت ئەم چەقوکێش ومافیاو دزو گەندەڵانە بێنێتە خوار لەدەسەڵات، میلیشا چەکدارەکان دوورخاتەوە لەکۆمەڵگە ئەمەش بەنەهێشتنی فاشیزمی ئیسلامی کۆتا دەکرێن. زۆر گرینگ وپێویستە هەماهەنگی وپشتیوانی گەشەی پێبدرێت لەنێوان خەڵکی نارازی و ڕاپەریوی ئێران و عێراق بۆئەوەی بەڵای فاشیزمی ئیسلامی لەناوچەکەدا نەمێنێت. لەدوایی هاتنی ساڵی ٢٠٢٠ دا نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان لەشاری تاران وچەند شارێکی تری ئێران دەستپێکردۆتەوە. لەچەندین زانکۆ خوێندکاران دەستیان بەنارەزایەتی کردووە بۆ پشتیوانی خواستەکانی خەڵکی نارازی ئێران. لەخۆپیشاندانەکانی ئەم جارەدا خەڵکی نارازی بەیەک دەنگ دەڵێن نابۆ دیکتاتۆرو بڕوخێ ستەم وچەوسانەوە، دروشمی نان، کار، ئازادی، ئیدارەدانی شوورایی بەرزکراتەوە. خۆپیشاندانەکانی ئێران لە١١-١-٢٠٢٠ ڕق و کینەی خەڵکی سەبارەت بە درۆ و دەلەسەی فرماندارانی ئێران، بەتایبەت خامەنەیی لە شاردنەوەی ڕاستییەکان دەربارەی کەوتنەخوارەوەی فرۆکە ئۆکرانییەکە، بووە ڕژانە سەر شەقامەکان و هێرشیان کرد سەر حکومەتی ئێران. خۆپیشاندەران وێنەی قاسمی سلێمانییان دڕاندو هیتافی "خامەنەیی تەواو"، "خەجاڵەتی بۆ ئێوە" زۆری تر پرۆتێستەکەیان بەردەوام بوو. هەموو هەوڵێکی ڕژێمی فاشیزمی ئیسلامی کار دەکات بۆ نەمانی ئەو نارەزایەتی وخۆپیشاندانانە .بەڵام ئەگەر لەئێستاشدا حکومەت بتوانێت ئەم خۆپیشاندانانە دامرکێنێتەوە ئەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا سەرهەڵدەداتەوە. چونکە خەڵک وشیاربۆتەوە سەبارەت ماف و خواستە ئینسانییەکانیان، چیتر ناتوانن بەرگەی ئازارو ئەشکەنجە و چەوسانەوە و لەسێدارەدانەکان ناگرن. نارەزایەتی خەڵکی ئێران بۆ نەمانی چەوسانەوە و فاشیزمە لەنارەزایەتی وخۆپیشاندانی ١١-١-٢٠٢٠ خەڵکی تارانی ئێران وێنەی قاسم سولەیمانی گەورە تیرۆریست و مرۆڤکوژی دڕاند. خەڵکی نارازی ئازادیخواز ویەکسانیخوازی تاران بە دروشمی مەرگ بۆ قاسم سولێمانی بەرزکردەوە و وێنەکانیان دڕاند. دوو ڕۆژە بە دروشمی بێ شەرەف بێ شەرەف لەئێران خۆپیشاندان بەردەوامە خۆپیشاندەرەکان رژانە سەر شەقامەکان و کە هاواریان دەکردو دەیانوت: سەرکردەکانمان جاهیل و سەرچاوەی شەرمەزارین و هەندێکی دیکەش دەیانوت سوپای پاسداران بێ توانا و سەرچاوەی شەرمەزارین بۆ نیشتیمانەکەمان. ئەمەش نیشانەی شکست و ڕوخانی ڕژێمی فاشیزمی ئیسلامی ئێران دەردەخات لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە. کەواتە فاشیزمی ئیسلامی ئێران بەرەو ڕوخان ملدەنێ. بڕوخێ فاشیزمی ئیسلامی ئێران سەرکەوتووبێت تێکۆشانی خەڵکی نارازی ئێران بۆ هێنانەدی نان، کار، ئازادی، ئیدارەدانی شوورایی. هەروەهالە ١١-١-٢٠٢٠ سەفیری (باڵوێزی ) بریتانیا لەشاری تارانی ئێران، دەستبەسەر کراوە...بەڵام دواتر ئازاد کراوە. هەموومان باش دەزانین کەهەرگیز فاشیزم باوەڕی بەئاشتی نییە ، هەتا فاشیزمیش بمێنێت هەبوونی ئاشتی وئارامی بۆ خەڵکی چەوساوەو نەتەوە ژێر دەستەکان خەیاڵاتە. لە ساڵی ١٣٩٨ بەرامبەر بە ٢٠٢٠ لەگەڵ کوژرانی قاسم سولێمان بردنەوەی تەرمەکەی چ لەعێراق چ لە ئێران بەکەرنەڤاڵی ڕەش پۆشی جەماوەری شار بەشار دەیان گێرا خەڵکیان بەزۆر بۆ کۆدەکردەوە، ئەمەش بۆئەوەیە هەتا نیشانی بدەن کە عێراق و ئێران لەژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکانی ئیسلامی دایە. گوایە ئەم گەورە تیرۆریستە قارەمانێک بووە لەشەری ڕێکخراوی تیرۆریستی ئیسلامی



داعش، بەڵام بۆ خەڵکی عێراق و ئێران وجیهانیش ڕوون ئاشکرایە کە سیستەمی فاشیزمی ئیسلامی ئێران کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر وتیرۆریستانی ئیسلامی بووە، لەوڵاتانی ناوچەکەدا هەر بۆ ئەومەستەش پارەوپولێکی زۆری تەرخانکردووە بۆ هاوکاریکردنی گرووپ وڕێکخراوە توندڕەوتیرۆریستییەکان، بە درێژایی

٤٠ ساڵە هاوکاریی ماددیی ومەعنەوەیان دەکا. خەڵک لەبیری نەچووە ناچێت کەئازیزانیان لەمانگی خەزەڵوەردا لەلایەن چەتە ومافیاکانی ئەم ڕژێمە فاشیزمەوە کوژرابوون، تەنانەت ڕێگەیان نەدا بەئارامیشەوە تەرمەکانیان بەخاک بسپێرن. لەگەڵ کەوتنەخوارەوەی فرۆکە موسافیربەریەکە ئاخوندەکانی ڕژێم دەستیان بەبڵاوکردنەوەی درۆ بڵاوکردنەوە کرد گوایە بەهۆی کەموکوری بواری تەکنیکییەوە بووە، بەڵام بەزوویی درۆکەیان ئاشکرابوو کە زۆر بەداخەوە بەهۆی کەوتنە خوارەوەی تەیارەی موسافیربەری تاران- ئوکراین کە بوو بەهۆی گیان لەدەست دانی ١٧٦ کەس لەبەرامبەر ئەم کۆمەڵکوژی یەدا خوێندکارانی زانکۆکانی ئەمیرکەبیر، شەریف وتاران دەستیان دایە نارەزایەتی وخۆپیشاندان، دواتر لەماوەیی زۆر کورتدا شەقامەکانی دەوروبەری زانکۆکان پڕ بوون لەجەمعیەت و هاواریان کرد“بەسیجی، سپاهی، داعشی ئێمە، ئێوەن“، سپاهی حەیا کە، مەملەکەت ڕەها کە”،“هەتا کەی جەنایەت، مەرگ و نەمان بۆ ویلایەت“، بەمن مەڵێ فیتنەگێڕ، فیتنە ئەتۆی ستەمکار“.هێرشی گاردی ویژەو هاویشتنی گازی فرمێسک ڕێژ تەنیا ئاگری ڕق و تووڕەیی گەشاندەوە. لەناو نارەزایەتییەکاندا کچان وژنان لەڕۆڵی ئەرکی تەوای خەڵکی ئازادیخوازو یەکسانیخوازو سیکۆلاری دونیایە بەهەرجۆرێک دەکرێت هاوکارو پشتیوان بن لەخواست و داواکاری خەڵکی نارازی ئێران وعێراق پێویستە لەڕوویی جیهانی و نێودەوڵەتێ وەهەماهەنگی و هاوپشتی گەشەی پێبدرێت بەئامانجی سەرکەوتنی شۆڕش و ڕاپەرینی خەڵکی نارازی وڕاپەریوی ئێران و عێراق و سەرجەم ئەودەوڵەت وڵاتانەی کەنارەزایەتی و ڕاپەرینی جەماوەری هەیە..سەرکەوتنی ئەم ڕاپەرین وشۆڕش ونارەزایەتییانەی خەڵک لەیەکگرتوویی و هاوخەباتی وپشتیوانی و ڕێکخراویی خەڵکی نارازی بەچەوسانەوەدایە.



**پرسی ژن**

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستن ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن
بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت:
shwana.journalist@gmail.com

# بانگەشەی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی مافی ئافرەت

**ڕاپۆرتی بڵاوکراوەی بۆپێشەوە**



ڕێژەی بەرزی ئەو تاوانانەی لەسەر ئاستی دنیا بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێن، سەلمێنەری ئەوەن کە سەرەڕای تێپەڕینی دوو دەیە لە هەزارەی سێیەم، هەتا ئێستا نەتوانراوە مۆرکی مرۆڤبوون بە بەر ئافرەتدا بکرێ. ئایا دەکرێت بانگەشەی مافی مرۆڤ بکرێت و هاوکات مافی ئافرەت پێشێل بکرێت؟
پێناسەی مافی مرۆڤ هیچ جیاکارییەک لە (ڕەچەڵەک و ڕەگەز)دا ناکات، بەڵام مافی ئافرەت لە کوێی مافی مرۆڤدایە کە وا بە ئاسانی مافەکانی بن پێ دەخرێت و بە بیانووی جۆراوجۆر ژیانی لێ دەستێندرێت؟ نەخشەڕێگای ڕزگاری لەو نەهامەتییانە چییە و چۆن دەکرێت ئافرەت مافەکانی دەستەبەر بکات؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی بڵاوکراوەی بۆپێشەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.

سەرەتا مامۆستا شاناز حەسەن پسپۆری بواری مێژوو لەکۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ، سەبارەت بە دوو چەمکی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت بەمجۆرە راو سەرنجی خۆی دەخاتەڕوو: »چەندین خاڵی هاوبەش لە نێوان دوو چەمکی مافی مرۆڤ و مافی ئافرەت هەیە و ئەم دوو چەمکە دوو بابەتی تەواوکەری یەکترین و هەردووکیان لە زۆربەی جەمسەرەکاندا هاوبەشی یەکترن، واتە کاتێک مافی مرۆڤ بەمانا ڕاستەقینەکەی شیکرایەوە و جێبەجێ کرا، ئەوا مافی ئافرەتیش جێبەجێ کراوە. ئەگەر زیاتر وردببینەوە، ئەوا هەست بەوە دەکەین، کاتێک کۆمەڵگە لە مانا ڕاستەقینەکەی مافی مرۆڤ تێگەیشت، ئەوکات ئافرەتیش بە مافی خۆی دەگات، چونکە کێشەی ئافرەت لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە چەمکی مرۆڤسالاری وەلاوە نراوە و چەمکی نێرسالاری، یان پیاوسالاری پەیدا بووە. ئەگەر رامانێکیشمان لەسەر مێژووی ئادەمیزاد هەبێت، هەست بەو حاڵەتە دەکەین کە کۆمەڵگەی ڕەگەزسالاری لە رابردووی کۆندا بە بەردەوامی دادپەروەری و یەکسانی زیندەبەچاڵ کردووە، چونکە خۆی لە خۆیدا پیاوسالاری هەردەم لەسەر بنەماکانی دەسەڵات و هێز و موڵکداری بونیاد نراوە، لەم کاتەشدا لایەنی بەرامبەری پشتگوێ خستووە، بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی و نەریتسالاری و نێرسالاریدا هەردەم بە بیانووی جیاکاریی بایۆلۆژی مافەکانی ڕەگەزی مێ پێشێلکراوە و بە ڕێژەیەکی بەرچاو خانمان ڕووبەڕووی دەستدرێژی و کوشتن بوونەتەوە، نێر هەموو شتێکی بۆ حەڵاڵ کراوە، لەبەرامبەردا مێ لە مافە سادەکانیشی بێبەش کراوە و تەنانەت هیچ جۆرە بەهایەکی بۆ نەهڵێدراوەتەوە. «گوتیشی: »ئەگەر ئێمە بمانەوێت بە وردی باسی مافە بنچینەییەکانی ئافرەت بکەین، دەبێت لە بەها ڕاستەقینەکانی ناو بەندەکانی مافی مرۆڤ تێبگەین، کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان دەیانەوێت لەگشت وڵاتانی جیهاندا جێبەجێی بکەن، بۆ رزگارکردنی ئافرەت لە تەنگەژە گشتگیرەکان کە ڕووبەڕووی مافەکانیان لە چەرخی بیستویەکدا دەبێتەوە. لەلایەکی ترەوە دەبێت شیکردنەوەیەکی ورد لەسەر خاڵە گرنگەکانی پێشکەوتنی ئافرەتان بکەین کە بریتین لە: (گەشەکردن و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی توانای هزریی ئافرەتان، پەرەپێدانی دیموکراسی بۆ کۆمەڵگە و بنیادنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی کایەی ئافرەت لەناو جیهانی سیاسەت و بونیادنانی هیزی ئابووریی ئافرەتان)، ئەمانەش هەمووی تەواوکەری مافی مرۆڤن، واتا ناتوانین جیاکاری لەنێوان مافی مرۆڤ و مافی ئافرەتدا بکەین، چونکە هەردووکیان تەواوکەری یەکترین«.
م.شاناز رای وایە: »نابێت پرسی ئافرەت وەک پرسێکی جیاواز لە پەراوێزی کۆمەڵگە تەماشا بکرێت، چونکە ئافرەت لەم کاتەدا زیانی بەردەکەوێت، بۆیە پێویستە پرسی ئافرەت شان بەشانی کۆی پرسەکانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بە ڕێکارێکی وردی زانستییانە و بێ جیاکاری ڕەگەزی کار لەسەر هزر و وشیاریی تاک بکەین، نەک جیاکاری لەنیوان ڕەگەزەکان بکەین. «هاوکات بە پێویستی دەزانێت »هەوڵی گشت چالاکانی بواری ئافرەتان ئەوە بێت بەرەو گەشەپێدان و چەسپاندنی مافی مرۆڤ بەبێ جیاکاری ڕەگەزی هەنگاو بنێن. «هێمای بۆ ئەوەش کرد، »جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی 1948پەسەندکرا، واتایەکی گشتی بۆ مافی مرۆڤ هەیە و مەبەستی پاراستنی مافی هەر دوو ڕەگەزەکەیە لە سەرانسەری جیهاندا و هیچ جۆرە جیاوازییەکی ڕەگەزی تێدا نەکراوە. «گوتیشی: »ئەگەر بگەڕێینەوە بۆمێژوو دەبینین لە هەزارەی سێیەمدا هەنگاوەکان لەسەر ئاستی جیهانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان زیاتر بە ئاراستەی سیستەمی مرۆڤسالارین، دەبێت ئێمەش هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوە بێت کە سیستەمی مرۆڤسالاری جێگەی نەریت و سیستەمی پیاوسالاری بگرێتەوە، ئەمەش هەنگاوی زۆری دەوێت، چونکە تا ئەم ساتەش کۆمەڵگەی نەریتسالاری بە کۆمەڵگەی خۆشمانەوە قبووڵنەکردنی ئافرەت لەلایەن کۆمەڵگە و بەشداری پێ نەکردنی لە کایە هەستیارەکاندا یەکێکە لە سیما دیارەکانی، ئەمەش نابێتە پێوەر بۆ ئەوەی بڵێین ئافرەتی ئێمە هیچی نەکردووە، بەپێچەوانەوە ئافرەتانی کورد لەم پێناوەدا قوربانیی زۆریان پێشکەش کردووەو لە خەباتی خۆیانیش بەردەوامن، بۆیە دڵنیام لە ئایندەیەکی نزیکدا هەنگاوی زۆر باشتر دەنێن، چالاکانی مەدەنی و بەشێک لە ئافرەتانی پەرلەمانتار و سیاسەتمەدارانیش لە هەوڵی ئەوەدان کۆتایی بە سیستەمی نێرسالاری و نەریتسالاری لە کۆمەڵگە بهێنن و هەوڵی ئەوە دەدەن، سیستەمێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی بۆ هەردوو ڕەگەز بنیاد بنرێت، ئەمەش کارێکی ئاسان نییە و کاتێکی زۆری دەوێت، بەڵام دەبێت کار بۆ دروستکردنی ئیرادە و نییەتی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە بکەین «.

ژیان دەرباز چالاکوان و ڕۆژنامەنووس، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: »بەراورد بە سەدەکانی پێشوو، ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردی هەنگاوی باشیان ناوە، چونکە کۆمەڵگەکەمان لەئاست ئەرک و مافی ئافرەتاندا قۆناغێکی گرنگ و بە بایەخی بڕیوە، هەروەها ئافرەتان ئێستا بە شێوەیەکی بەرچاو لە کۆڕی خوێندن و نووسین و کارکردن لە سێکتەرەکانی حکوومی و کەرتی تایبەت و تەواوی بوارەکانی ژیان ڕۆڵیان هەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئافرەتانی کوردستان هەموویان وەک یەک ماف و ئەرکیان پارێزراو بێت، بەڵکو ئێستاش کۆمەڵگەی پیاوسالاری باڵی بەسەردا کێشاوەو کێشەوگرفت دروست دەکەن، ئەگەرچی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەوڵی بە یاساکردنی مافی ئافرەتان دراوەو چەندین ناوەندی گرنگ بۆ ڕۆشنبیری و پاڵپشتی لە ئافرەتان دروست کراون و چەندین شوێنی داڵدەدان و نیشتەجێبوونی پارێزراو کراوەتەوە بۆ ئەو ئافرەتانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوەو ژمارەیەکی هێڵی گەرمیان لە سەرجەم شارو شارۆچکەکان دابین کردووە بۆ ئەوەی ئافرەتان لە کاتی کێشەو گیروگرفتەکان هاوکاری بکرێن. «گوتیشی: »هیچ کەسێک هەرگیز ئازاد نابێت، هەتا خۆی لە زیندانی بیرۆکە هەڵەکان ئازاد نەکات. ئازادی، یەکسانی و دادپەروەریش، سێ پرەنسیپی گرنگ و جەماوەرین بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو. مسۆگەرکردنی ئەو پرەنسیپانە و یەکسانیی ڕەگەزی و بەشداریی هاوبەشی هەردوو ڕەگەز لە سەرجەم سێکتەرەکان کارێکی ئاسان نییە، پێویستی بە دیموکراسیکردنی کۆمەڵگە هەیە، ئەوەش پێویستی بە خەباتێکی گشگیری هەمەلایەنە لەلایەن سەرجەم دەنگە ئازاد و بوێر و وشیارەکانی کۆمەڵگە هەیە، ڕاهێنانی خەڵک لەسەر ژیانی دیموکراسی خاڵی گرنگ و جەوهەری و دەستپێکی ئەو خەباتەیە و پێویستە مرۆڤ لە سەرووی هەموو ئەو ئایدیۆلۆژیا دۆگم و بیروباوەڕانە بێت کە خودی خۆی بەرهەمیان دێنێت و دواتر دەبێتە دیل و کۆیلەیان، پێویستە بە بێ جیاوازی نەتەوە و ئایین ڕێز و کەرامەتی مرۆڤ لە هەموو شتێک پیرۆزتر سەیر بکرێت .
ژیان دەرباز لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ بۆپێشەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «مافەکانی ئافرەت لە کوردستان هەنگاوی بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام بە ڕێژەیەکی دیاریکراو، چونکە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارییەو دابونەریتەکان بەسەریدا زاڵن، بۆیە دەبێت لە ڕێگای یاساوە ئەرک و مافەکانی ئافرەتان لە سێکتەرەکانی ژیان دیاری بکرێت، چاودێری و جێبەجێکردنی یاساکەش تەنیا بە حکومەت و ڕێکخراوەکان ناکرێت، بەڵکو دەبێت پەروەردە و میدیاکان کاری جددی لەسەر وشیارکردنەوەی تاک و خێزان بکەن و، ژنانیش دەبێت خۆیان بوێر بن و بۆ بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ژیانیان هەنگاو بنێن. ئەوەمان لەبیر نەچێت، پەروەردەکردنی خێزان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکان و دەبێت هەموومان هەوڵ بدەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئێمەی ئافرەت بە پڕۆژە و کاری جوان دەتوانین داوای ئەرک و مافی خۆمان بکەین، ژیان زۆر لەوە جوانترە کە ئێمە دەیبینین«.
شیرین قادر شارەزا لە کاروباری مافی مرۆڤ ، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بێگومان ئەو مافانەی کە بۆ ئافرەت لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا دیاریکراوە، لە چوارچێوەی ئەو مافانە دێت کە بۆ مرۆڤ بە گشتی دیاریکراوە، لەبەرئەوەی بنەمای دیاریکردنی مافەکانی بریتییە لە بوونی یەکسانی و ناجیاکاری و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، کەواتە کاتێک باس لە یەکسانی لەسەر بنەمای جەندەر

بۆ لاپەڕە...13

بۆپێشەوە FORWARD

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالْح، حەکیم میرزا**



## تەڵقین و مەڵقین:

---

مامۆستا مەلاشریف، لە گوندی قونداخکەرە دەژیا، پیاوێکی مێزەرقوتی کورتەباڵای گەنم ڕەنگ، بە مەلایەتیی خۆیەوە خۆی بادەدا، کەمێک بەلای ڕاستدا دەشەلیی، لە دەورانی فەقێیەتی، بەران شۆقی لە کەمەری دابوو، ئەویش دەیویست وەهای پیشانبدات لە غەزای بەدر وایلێهاتووە، جاروباریش خەڵکیی بە (شەریف گابەگا) ناویان دەهێنا...

شەوێک لە شەوانی زستان، دوو پیاو لە دەرگای ماڵەکەیاندا، مەلاش لەبەرئەوەی ترسنۆک بوو، مەلاژنی لەخەو هەستاند، پێکەوە دەرگایان کردەوە، یەکێک لە پیاوەکان گوتی:

- "مەرحەبا مامۆستا"
- "مەرحەبای چی ڕۆڵە، خۆ هێشتا ڕۆژنەبۆتەوە، چیتان ئەوێ بەم شەوە؟"
- "پوورە شەرافەت بە گیانەڵڵاوەیە، وەرە لەگەڵمان یاسینێکی بەسەرا بخوێنە، نەک خوانەکردە ئەمشەو بمرێ"
- "ئەی بۆ (مەلاعەزیز)تان نەبرد، خۆ ئەویش لە ماڵە"
- "ئاخر بەخوا تۆمان بە باش زانی"

مەلاشەریف، بەم قسەیە کەللەی گەرمبوو، چونکە دەیزانی ئەو جۆرە خێروخێراتە پارەوپوڵی تیدانییە، بۆیە بە ڕووی گرژەوە، وەڵامی دایەوە:

- "ئێ.. ئێ.. ئێ.. بۆ شەکراو خواردنەوە و مارەبڕین... مەلاعەزیز ئەبەن لەگەڵ خۆتان... بۆ تەڵقین و... مەڵقین و... گوو خوێندن و... نوێژی مردوویش... من"

---

- 2019/12/15 - ئارام حەسەن

# بەشێکی تر لە قەسیدەی ئاهێکی سەرد...



بەشێکی تر لە قەسیدەی ئاهێکی
سەرد..

کە گەڕایتە وە
شتێکت پێدەڵێم
بیرێك لە فڕین دەکەینە وە
لەم زەمەنە ڤایرۆساوییە جیا
دەبینە وە
دنیای مەعدەن و
مادە بەجێ دەهێڵین
بەگەڕەکی درۆدا نارۆین
کەگەڕایتە وە
بەسەر هاتی ئاهێکی سەردت
بۆ دەنوسمە وە
خیانەت و درۆ و مەعدەن و
دوو ڕویت بۆ دە خەمە ڕستەوە
مساوی دەبێت بە ئاوێنەی
ماڵی پیاوێکی فاڵچی

کە گەڕایتەوە
خەمی چرایەك دەنوسینەوە
لەبەر ئاوێنەی ئەم هەموو بەیانیە
تەمەڵدا

پەڕەسێلکەیەکی
تۆراوی سەر قەراغ دیوارەکەمان
ئاشت دەکەینە وە
چاوی چۆلەکە بێتازەکان دەڕێژین
تەوقەیەکی قاوەیی دەدەین
لەپرچی کوکوختیە دلشکاوەکان

کە گەڕایتە وە
خەمی هەناسەیەکی تێکشکاو
دەنوسینەوە
بەسەرهاتی ئاهێکی سەردی خۆمان
بۆ پیاوێکی فاڵچی پۆست دەکەین
تۆ هیچ مەڵێ
من پێی دەڵێم
ئەگەر شاعیر نەبومایە
چۆن دەمهێشت
لەو دیوو پەنجەرەی ئەم دڵە
داگیرساوەمەوە
سەیری سوراوی
سەر لێوی شیعرەکانم بکەیت

چۆن دەمهێشت
لەژێر سێبەری درەختی پەخشانە
پێکراسەکانما دانیشیت

چۆن دەمهێشت
لەشەوی خەنە بەندانی شیعرەکانما
ئامادەبیت

ئاخ خودایە
ئەگەر شاعیر نەدەبوم
دەمزانی چۆن موو لەماست دەربێتم
دەمزانی چ سەمایەکم لەسەر نوکی
شمشێری
ئەم زەمەنە ژەنگاویە دەکرد
دەمزانی چۆن خۆتم لە خۆتا
دەشکان
خۆتم لەخۆتا پارچە پاچە دەکرد
ئەگەر شاعیر نەبومایە.

**حەکیم میرزا**
**کۆتایی جەنیوەری ٢٠٢٠**



# بیری خۆم دەکەم

ئەو دەمەی سرودەکان
بەنێو شەپۆڵی سوری شەقام دا
ڕێدەکەن و من نیم لەوێ!
بە تاسەوە من بیری خۆم دەکەم

جار جار ئارەزو دەکەم سەردانی خۆم بکەم
لەدەرگای کۆتری سەلام بدەم و
کاتێ دیاری بکەم لەگەڵ خۆم
بڵێم با لە کۆڵانی (باتا)دا بتبینم
ئەو نامەیەی عەیامێکە بۆتم نوسیوە
ساڵانێکە لەگیرفانی نارەزایەتیەکان
بۆم هەڵگرتبوی لەڕێگادا و بە چنینەوەی
وردەقەدەمەکانی بەرەو قەڵا بۆم بخوێنەوە
لەژێری نامەکەمدا نوسییوم
بیری خۆم دەکەم

کە تۆ دەمخوێنیتەوە بزە لێوەکانت دەگرێ
من کە دەنوسمەوە
ناخم دەبێ بەدارستان و گردەگرم
گڕێك ئاسمانی چاوەکانیشم خامۆشی
ناکات و ، لەنێو ئەو هەموو سوتانەشدا
بیری سپیندارەکانی (گرکەند)و
بیری خۆم دەکەم

بەیانیەو منی تەنیا لەکەناری لیمات
خۆم دەخوێنمەوە
هەناسەم تێکەڵی فڕینی باڵندە سپیەکان دەبێ
ئەوان بۆ قوڵایی ئاسمان و
هەناسەی قوڵیی منیش
بەرەو نیگای عاشقانەی لەق لەقەکانی
هەولێر
بەقەدەر فڕینی بێ سنوری نەورەس و
هەناسەی تەنیاییم
بیری کتێبەکانی لای قەڵا دەکەم

**فوئاد عەزیز**
**01/2020**

# هەواڵی ناڕەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان

## ئامادەکردنی: ئاراس ڕەشید

**بەهۆی هەڵپەساردنی دروستکردنی فڕۆکەی بۆینگ ٧٣٧ مکس ەوە، گەورەترین کۆمپانی دروستکردنی پارچەی یەدەگی فڕۆکەی تایبەت بە ( بۆینگ ٧٣٧ ماکس) ڕایگەیاند کە نزیکەی ٢،٨ هەزار فەرمانبەر بێکار دەکات**



کۆمپانیای(لە Spirit AeroSystems) بەیانێکیدا لە سایتی کۆمپانیاکەدا ڕایگەیاند "کۆمپانیای سپیریت پەنای بردووەتە بەر ئەم کارە بەهۆی هەڵپەساردنی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی لە چەشنی ٧٣٧ ماکس، و هەروەها نادڵنیابوون سەبارەت بەکاتی دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنان و ئاستی بەرهەمهێنان لە کاتی دەستپێکردنەوەی دروستکردنی"

کۆمپانیاکە سەرنجی ئەوەی داوە کە نزیکەی ٧٠٪ ی پارچەکانی ئەو فڕۆکەیە دروست دەکات.

لە بەیانەکەدا ئەوەش زیادکراوە کە "کۆمپانی سپیریت براوی وایە، کاتێک بەرهەمهێنان دەکاتەوە، ئاستی بەرهەمهێنانی کەمتر دەبێت لەو ئاستەی پێشوو".

بەشێوەیەکی تایبەت، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاستییەک، کۆمپانیای بۆینگ دەبێت ئەو پارچانەی کە هەیەتی بۆ پێکەوەنانی پتر لە ١٠٠ فڕۆکە، هەروەها سەدان فڕۆکەی ئامادەی بەسەردا کەوتووە، بەڵام نەگەیەندراوەتە کڕیارەکانیان.

ڕاگەیاندنی بێکارکردنی هەزاران فەرمانبەر لە کارگەی شاری ویتشیتای ویلایەتی کنساس. هەروەها کۆمپانیاکە پلانی هەیە لە مانگی کانوونی دووەم بۆ کەمکردنەوەی فەرمانبەرانی لە کارگەی ئۆکلاهۆما، بەڵام ژمارەکەیان ئاشکرا نەکردوە لە ڕاگەیاندنە ڕۆژنامەگەریەکەدا.

لەماوەی ڕابردوودا، ئاشکرابوو کە کۆمپانیای بۆینگ بڕیاری داوە بە هەڵپەساردنی جۆری ( ٧٣٧ماکس) بەهۆی ڕاوەستانی بۆماوەیەکی درێژ، هەروەها هەڵپەساردنی گەشتەکانی ئەو جۆرە فڕۆکەیە لە هەموو جیهان لە ئازاری ٢٠١٩ەوە، ئەوەش دوای کەوتنەخوارەوەی دووتەیارە، کە بوونە هۆی کوشتنی پتر لە ٣٦٠ کەس.

**بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی لوبنان لەبەرامبەر داڕوخانی ئابووری و فەلەج بوونی سیاسی**

هاوڵاتیانی ناڕازی لە زۆرێک لە شارەکانی وەک بەیروت و سەیدا و تەرابلوس هاتنەوە سەر شەقامەکان دژ بە دەسەڵاتداران و بڕانی کارەبا و قەیرانی بانکەکان.

سەدان هاوڵاتی لە لوبنان لە ١١ی کانوونی دووەم هاتنەوە سەر شەقامەکان بە بەرزکردنەوەی شیعاری (باج نادەین). ماوەی چەند مانگێکە داڕووخانی خێرای ئابووری و قەیرانی سیاسی و نەبوونی ئاسۆی پێکهێنانی حکومەتی تازە ئەو




کێشانەن کە لوبنان پێوەی دەناڵێت، و خۆپیشاندەرانیش داوای حکومەتێک دەکەن لە دەرەوەی ئەو حزبانەی کە هەن.

لە بەیروتی پایتەخت خۆپیشاندەران چوونە بەردەم کۆمپانیای کارەبا، وەک ناڕەزایەتیەک لەبەرامبەر بڕانی کارەبا و کێشەی بانکەکان لەبەرامبەر سەرافەکان، لەوێشەوە بەرەو پەرلەمان. خۆپیشاندەران



لەسەر لافیتەیەکی گەورە نووسیبوویان "وڵات بەرەو داڕووخان دەڕاوت، حکومەتێکی بێلایەن و پلانێکی ڕزگارکەرمان دەوێت، ئەی تاوانباران"، و" ئێمە باجەکەی نادەین" و " ئەلەو کارەبا...

توت توت... هێڵ بڕاوە".

دەسەڵات گوێچکەی داخستووە: یەکێک لە خۆپیشاندەران بۆ ئاژانسی ڕۆژنامەی فەرەنسی گووتی" ئێمە لێرەین بۆئەوەی بیسەلمێنین کە ئەو هۆکارەی وای لێکردین شۆڕشی ١٧ی تشرین بکەین تاوەکو ئێستاش ماوە، و هیچ شتێک نەگۆڕاوە و دەسەڵاتی سیاسیش گوێچکەی داخستووە". ئەوەشی زیادکرد" داواکارین پەلە بکەن لە پێکهێنانی حکومەتی بێلایەن بۆ چارەسەرکردنی پرسی داڕووخانی ئابووری دارایی بڕیاردان لەسەر گەڕاندنەوەی ماڵی دزراومان و ئەنجامدانی هەلبژاردنی پێشوەختە".

**هەندێک نەقابەی کرێکاری لە فەرەنسا بانگەوازی ڕێکخستنی خۆپیشاندان دەکەن**

سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا ئەدوارد فلیپ ١٠ ی کانوونی دووەم گفتوگۆی تازەی لەگەڵ نەقابە کرێکارییەکان دەستپێکردەوە، دوای ئەوەی ناڕەزایەتیەکان لەبەرامبەر پێشنیارەکانی حکومەت بۆ چاکسازی سیستەمی خانەنشینی دەستپێکردەوە.

نەقابە کرێکاریە میانڕەوەکان داوا لە سەرۆکی حکومەت دەکەن بەکێشانەوەی پێشنیاری بەرزکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی ئاسایی لە ٦٢ ساڵی بۆ ٦٤ساڵی، و وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی تەواو. ئەمەش بەپێچەوانەی نەقابە توندڕەوەکان (بەپێی سەرچاوەکە) کە ڕابەرایەتی مانگرتنەکان دەکەن لە ٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٩، نەقابە میانڕەوەکان بەشێوەیەکی مەبدەئی دژ بە پلانی نیشتمانی یەکگرتوون بۆ جێگرتنەوەی پلانی خانەنشینی ئێستا بۆ نەقابە پیشەییەکان لە فەرەنسا کە ژمارەیان ٤٢ نەقابەیە.

سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی نەقابە کرێکارییە سەربەخۆکان (یو ئێن ئێس ئای) لۆران ئەسکۆر دوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا، لە وتەیەکیدا بۆ ڕۆژنامەنووسان گووتی" بەهیوای گەیشتنە چارەسەرێکی مام ناوەندین".

نەقابەکانی دیکە بانگەوازی ناڕەزایەتیان کرد بۆ ڕۆژی شەممە، بۆ ڕۆژی پێنجەم، ئەمەش دوای تێپەڕبوونی دوو ڕۆژ بەسەر هاتنە سەرشەقامی پتر لە ٤٥٢ هەزار کەس، بەپێی سەرچاوە فەرمیەکان، دژ بە یاسای چاکسازی خانەنشینی.

سەرۆکی یەکێتی دیموکراتی فەرەنسا بۆ



کار، کە گەورەترین نەقابەی کرێکاریە لە فەرەنسا گووتی" فلیپ لەترسا بەڵێنی داوە بەوەڵامدانەوەی خێرا و بەهیوایە کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەگەر زووتر نەبێت، وەڵامی مەلموسی دەستکەوێ".

لۆران بیرجەر، ئەمینداری گشتی یەکێتیەکە "هیوای خواست کە پرسەکە زۆر بەخێرایی جێبەجێ بێت، چونکە بۆماوەیەکی چاک بەردەوامە"، ڕەخنەی لەوە گرت کە دەڵێ" لۆجیکی ڕووبەڕووبوونەوە"ی چەند هەفتەی ڕابردوو.

لەلایەکی دیکەوە پارێزەرانی ناڕازیش لە زۆرێک لەشارەکان جلەکانیان فڕێدایە سەر زەوی، لەکاتی وتاردانی وەزیری داد نیکۆڵ بیلۆبیە، دژ بە تێکەڵکردنی پلانی خانەنشنینی تایبەت بەوان لەگەڵ پلانی نیشتمانی تازە.

**کیمیا علی زادە: لەبەر( نیفاق و چەوسانەوە) ئەستێرەی وەرزشی ئۆلۆمپی ئێرانی وڵات بەجێدێڵێت!**

کیمیا علی زادە تەنیا وەرزشەوانی ئۆلۆمپی ئێرانە کە مەدالیای بەدەستهێناوە، ئەمڕۆ ١٢ی کانوونی دووەم ٢٠٢٠ ڕایگەیاند کە ئێرانی جێهێشتووە لەبەر چەوسانەوە و نیفاق.

ئەو وەرزشەوانە کە تەمەنی ٢١ ساڵە لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە گووتی کە ئێرانی بەجێهێشتووە بۆئەوەی نەبێت بەشێک لە "نیفاق و درۆ و چەوسانەوە و پیاداهەڵدان". پیناسەی خۆشی ئاوا کرد کە یەکێکە لەو ملیۆنان ژنە چەوساوانەی ئێران!. ئەم وەرزشەوانە شوێنی ئێستای خۆی ئاشکرا نەکردووە، بەڵام ڕاپۆرتەکان دەڵێن کە لە هۆڵەندا مەشقی دەکرد.

کیمیا علی زادە مێژوویەکی بۆ ئێران تۆمارکرد، کاتێک مەدالیای برۆنزی لە یاری تایکواندۆدا بەدەستهێنا لە ئۆلۆمپیادی کە لە ڕیۆجانیرۆی بەرازیل لە ساڵی ٢٠١٦دا بەڕێوە چوو.

**بنیاتنانی ئاییندەو جیهانێکی باشتر، بەدەستی خودی ئینسان، زەروری و مەیسەرە...پێویست و لە توانادایە!**



# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ تۆما حەمید کادیری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی عێراق.

**بۆپێشەوە: لەسەرەتای مانگی ئۆکتۆبەرەوە، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی جەماوەری بەشیکی زۆری شارەکانی عێراقی گرتۆتەوە، هۆکاری ئەم خۆپیشاندانە چییە؟ ئایا پەیوەندی بە ململانێی حزب و میلیشیا سیاسیەکانەوە هەیە، یان ڕیشەی لە گرانی و بێکاری و گەندەڵی و نەبوونی و دەستێوەردانی دەرەکی دایە؟**

**تۆما حەمید:** سەرەڕای بانگەوازەکانی سەرەتای ناڕەزایەتییەکان، بڕوام وانییە کە کەسێک لە ئێستادا بڕاوی وابێت کە ناڕەزایەتیەکان بەشێک بێت لە کێشەی نێوان هێزە سیاسی و ملیشیاکان. ناڕەزایەتییەکان دژ هەموو هێزە بەشداربووەکانە لە دەسەڵات، بەئەوانەشەوە کە سەر بە ئێران یا سەر بە ئەمەریکان، بەگشتی دژ بە هەموو عەمەلیەی سیاسین لە عێراق. بانگەوازی یەکەمی ناڕەزایەتیەکان لەلایەن هەندێک چالاکوانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بوو لەگەڵ عەشیرەتی عبدالوهاب الساعدی (پلەدارێکی سەربازی بوو) کە حکومەت لە کارەکەی دووریخستەوە، هەروەها هەندێک لایەنی دیکە. بەڵام هێزی سەر بە ئێران لەناو دەسەڵاتدا ترسی گەورەیان هەبوو، کە ڕەوتی سەدر-عەبادی (سەربە ئەمەریکا) لە پشتی ئەو ناڕەزایەتیانەوە بن. ترسێک هەبوو لەگەڵ ڕایەکی بەهێز کە دەیانەوێت گۆڕانکاریەکی سیاسی ڕێکخەن لە بەرژەوەندی ئەمەریکا بێت، ئەویش بەیارمەتی ئەمەریکا و سعودیە و وڵاتانی تری ناوچەکە. هەربۆیە توندوتیژی و سەرکوتێکی زۆر بێ پاساویان لەدژی خۆپیشاندەران بەکارهێنا. ئەم سەرکوتکردنە ئەو (دارحەیزەرانەیە) کە باسی دەکەم، و بووە هۆکاری پاڵپێوەنانی سەدان هەزار کەس بۆ ڕژانە سەر شەقام و دەسەڵاتی ناچارکرد بەبەکارهێنانی توندوتیژی زۆر، ئەمەش بووە هۆی سووربوونی خۆپیشاندەران و پەرەسەندنی هەلومەرجەکە تا گەیشتن بەدۆخی ئەمڕۆ، بەجۆرێک خۆپیشاندەران جگە لە لابردنی دەسەڵات ڕێگەچارەی دیکە نابینن. سەرەڕای بانگەوازەکانی سەرەتای دەستپێکردنی ناڕەزایەتی ملیۆنی، ئەم ناڕەزایەتیانە دژ بە هەژاری و بێبەشی و بێکاری گەندەڵی دزی بژێوی جەماوەر بەڕۆژی ڕووناک و لە پێناو خزمەتگوزاری ئەمان و ئازادی. ئەوەش زیاد بکەین، کە جیاوازیەکی ئاشکرا لە نێوان شارستانیەتی کۆمەڵگە، بەتایبەت نەوەی نوێ و لە نێوان دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و شێوە ژیان و هەموو ئەو ئاکارانەی هێزەکانی ئیسلامی شیعی سەپاندوویەتی بەسەر کۆمەڵگەدا، ئەوەش بەشێکە لە بنەماکانی دەسەڵاتی ئەو حزبانە.

**بۆپێشەوە: لەژێر گوشاری ڕاپەڕین و خرۆشانی جەماوەری عێراقدا، عادل عەبدول مەهدی ناچاربوو دەست لەکاربکێشێتەوە، تا چەندە لاتان وایە دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدول مەهدی دەتوانێت، کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنێت؟**

پێش هەموو شتێک؛ زۆر گرنگە **:تۆما حەمید** بڵێم وەک ئەوەی لە پرسیارەکەتان هاتووە کە سەرۆک وەزیرانی عێراق عادل عبدالمهدی لەژێر فشاری ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی عێراق دەستی لەکارکێشایەوە، نەوەک لە وەڵام بە داواکاری مەرجەعی شیعە، کە خۆی و هێزەکانی دەسەڵات و ڕاگەیاندنەکان دەڵێن.

بەڕای من ئەو دەست لەکارکێشانەوەیە ناڕەزایەتییەکان کۆتایی پێناهێنێت، نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەبێتە هۆی بەهێزکردنی. جەماوەری ناڕازی و ڕابەر و چالاکوانانی لە عێراق ئاستێکی باڵایان هەیە لە هۆشیاری سەبارەت بە دەسەڵات و دارودەستە و گەمەکانیان. ئەوان زۆر چاک دەزانن کە بەبێ پاکردنەوەی هەموو هێزە بەشداربووەکانی دەسەڵات و ملیشیاکان بەشێوەیەکی گشتی هیچ گۆڕانکاریەک نایەتەدی. ئەم پرسە زۆر بەڕوونی لە شیعارەکانیان بەبەردەوامی دەیڵێنەوە و دەردەکەوێت وەک (هەمووتان یانی هەمووتان) بەمانای ئامانج لێی گۆڕانی تەواوی دەسەڵاتە، نەک کەسانێکی دیاریکراو یان ڕوودانی چاکسازی دیاریکراو لەلایەن دەسەڵاتی ئێستاوە. لەلایەکی دیکەوە؛ دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدوالمهدی بڕوابوونی جەماوەر بەخۆیان زیادی کرد، و دەرک کردنیان بە توانای گۆڕانکاریەکان زیادی کرد. ئەم دەست لەکارکێشانەوەیە بەڵگەیەکی دیارە کە دەسەڵات بەهەموو هێز و ملیشیاو مەرجەعیەتەوە لەژێر فشاردان، و دەیانەوێت هێزی جەماوەری ملیۆنی بێهێز بکەن.

**بۆپێشەوە: تا ڕادەیەک وا دێتە بەرچاو کە خۆپیشاندانەکانی عێراق بەرەو خامۆش بوونەوە دەچن.... تا چەندە لاتان وایە کە خۆپیشاندانەکان لە کاتی تردا و بەهێزی زیاترەوە دێنەوە مەیدان؟**

**تۆما حەمید:** تاوەکو ئێستا هیچ بەڵگەیەک نابیندرێت کە ئەم ناڕەزایەتیانە سنووردار ببنەوە و بپووکێنەوە، هەرچەندە ئەمەش ڕەنگە ڕووبدات، بەڵام بەپێچەوانەوە هەموو ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانەی دوایی، بەڵگەی بەردەوام بوونیان تێدایە بە هەمان هێز و قەبارەوە، تەنانەت لە هەڵکشاندایە. بەدڵنیاییەوە ڕۆژ هەیە کە ناڕەزایەتیەکان لە کزیدان، و بەژمارەی کەمتر لەڕۆژانی تر، ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ناڕەزایەتیەکان بەهێزەوە بەردەوامن تاوەکو ئێستا. بەدڵنیاییەوە حکومەت دەیەوێت سوود لەکات وەرگرێت و کاتەکە درێژ بکاتەوە و ماندوویان بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ماندووکردنی و بێ ئومێدی خۆپیشاندەران و ناردنەوەیان بۆ ماڵەوە، ئەمەش ئەگەرێکی ترە. بەڵام؛ لەلایەکی دیکەوە، تووڕەیی لە دەسەڵات و لە ئیسلامی سیاسی شیعی گەیشتۆتە (پلەی کوڵان) ئەوپەڕی. هەروەها هەستکرد بە هاتنی سەرکەوتن لای خۆپیشاندەران دروست بووە. تەنانەت جەماوەری ناڕازی هۆشیارە لەو ڕاستیەی کە دۆڕان و شکست لەو جەنگە لەگەڵ هێزەکانی دەسەڵات، چارەنووسی وێرانکەری دەبێت لەسەر ئومێد و ڕێکخستنی بزووتنەوەیەک بەو قەبارەیە لە داهاتوو. هەروەها پاشەکشە دەبێتە هۆی بەهێزتر بوونی هێزی ئیسلامی سیاسی و ملیشیاکانیان، و متمانەی زیاتر بە توانای سەرکوتکردنی ناڕەزایەتیە جەماوەرییەکان لە داهاتوودا. بەڕای من؛ ناڕەزایەتیەکان بەم شێوەیەی ئێستای ناتوانێت تا هەتایە بەردەوام بێت!. ئەو کەموکوڕیەی کە دەبێت تێپەڕێنێت، ئەوەیە کە دەبێ چینی کرێکار بەشداری بکات، چونکە ئەو چینە کاریگەری لەسەر ژیانی ئابووری و بزووتنەوەی کۆمەڵگە هەیە تاوەکو ئێستا. ناڕەزایەتیەکانی مەیدانە گشتییەکان کە حوسنی موبارەکی ڕووخاند، لەپێشدا زنجیرەیەک مانگرتن و دەستبەسەراگرتنی فراوانی کارگە و شوێنی کاری بەخۆوە بینی. تاوەکو ئێستا شتێکی بەو قەبارەیەمان لە عێراقدا نەدیوە. زوربەی بەشداربووانی خۆپیشاندانەکانی عێراق بریتین لە کرێکارانی بێکار و زەحمەتکێشان لەپاڵ خوێندکاران. بانگەوازی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بۆ چینی کرێکار و مانگرتن و ڕاگرتنی ژیانی ئابووری، بەتایبەت کەرتە گرنگەکان، وەک کەرتی نەوت، سەرچاوەی لەم ڕاستیە وەرگرتووە. تاوەکو ئێستا دەسەڵات دەتوانێت بەردەوام بێت و لەژێر فشاری زۆری ناڕەزایەتیەکان بێت، سەرەڕای بەردەوامبوونی بۆ پتر لە ٣ مانگ.

**بۆپێشەوە: خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی جەماوەری بەبێ ڕێکخراوبوون، پەرچەمی ڕۆشنی سیاسی، بوونی حزبی چینی کرێکاران و بێبەشان، شانسی گەیشتن بە مەنزڵی کەمە، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**تۆما حەمید:** گرێی بنەڕەتی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیە ملیۆنییە، و ڕێگری سەرەکی لەپێش ڕوودانی گۆرانکاری بنەڕەتی لە کۆمەڵگە؛ نەبوونی ڕێکخستن و ونبوونی ئاسۆی سیاسی و نائامادەیی حزبێکە کە نوێنەرایەتی چینی کرێکار و کۆمەڵگە و بەرژەوەندیەکانی زوربەی خەڵکی چەوساوە بکات، و بتوانێت ڕابەرایەتی ئەم قۆناغە گرنگە مێژووییەی عێراق بکات. ئەگەری سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە لە ڕووخاندنی دەسەڵات، ئەگەرێکە، بەڵام کێشە لەو ئەڵتەرناتیڤەیە کە دەبێتە جێگرەوەی ئەم حکومەت و دەسەڵاتە؟ ئایا تاقیکردنەوەکانی میسر و تونس دووبارە دەبنەوە؟! ئایا جەماوەر هاوئاهەنگی لەگەڵ بۆرژوازی دەکات بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسی دەسەڵات؟ ئایا حکومەت دەڕووخێت و ئامادەکاری دەکرێت بۆ هەڵبژاردن، ڕەنگە لەژێر یاسایەکی نوێی هەڵبژاردندا، یان لەژێر سەرپەرشتی نێودەوڵەتی، واتە ناردنەوەی جەماوەر بۆ ماڵەکانیان و چاوەڕێکردنی هەڵبژاردن و بەتاڵکردنەوەی ڕاپەڕین لە هێزی شۆڕشگێڕی؟ زۆرترین ئەگەر، هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی یەکێک لە هێزە بۆرژوازیەکان دەبێت کە ڕەگی هەیە لە کۆمەڵگە و بەبێ دەستکەوتنی شتێکی بنەڕەتی لە بەرژەوەندی جەماوەر. ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە ئەنجامەکانی ئەم جۆرە سیناریۆیە لەبەرژەوەدنی ڕەوتی قەومی (نیشتمانی) دەبێت، بەجۆرێک گۆڕینی حزبی بەعس، چونکە ئەم ناڕەزایەتیانە بە شێوەیەکی سەرەکی دژ بە ڕەوتی دینیە، هەروەها ڕەوتی قەومی-نیشتمانی لەناوەندەکانی ئەم خۆپیشاندانانە بەهێزە. تەنانەت لە بەرزترین و پاکترین شێوەکانی دیموکراسیدا، بۆرژوازی بەهەزارو یەک ئامراز و ئەملاوئەولا، دەتوانێت ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەبەرژەوەندی ئەو ڕەوتە بۆرژوازیانەدا یەکلابکاتەوە کە بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری و کاری کەڵەکەی سەرمایە و سوود دەپارێزێت. لە وڵاتێکی وەک عێراقدا، پێشبینی ناکەین کە هەڵبژاردنەکان گۆڕانکاری شۆڕشگێڕی و جدی لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگە بەدی بهێنێت.

ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیانە، نەک هەر ناڕێکخراوە، بەڵکو (دژە حزب) و دژە حزبەکانە بەبێ ڕەچاوکردنی مەیل و سیاسەتەکانی ئەو حزبانە. کاتێک دەڵێم ناڕێکخراوە، مەبەستم ئەوە نییە کە ناڕەزایەتیەکان ناڕێکخراون. لەڕاستیدا؛ ئەو ڕێگەیەی کە خۆپیشاندانەکانی پێ بەڕێوەدەبرێت و پشتیوانی لۆجستیکی پێ ڕێکدەخرێت، و بریندارەکان لەمەیدان لادەبرێن، و ڕێکخستنی هاتووچۆ و ...تاد جێگەی سەرسوڕمانە! ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە، کە ئەم بزووتنەوەیە وەک لایەنی سیاسی ناڕێکخراوە لە بوونی ئاسۆی سیاسی ڕۆشن بۆ دەسەڵاتی داهاتوو و ڕێگەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. هۆکاری ڕۆشن هەن بۆ ئەو پرسە، لەلایەکەوە جەماوەر هەموو شێوە حزبە سیاسیە جۆراوجۆرەکانی بەشدار بوو لە دەسەڵاتی بینی لە بەڕێوەبردنی حکومەت بەو جۆرە لە گەندەڵی و تاوان و دواکەوتوویی ...تاد. لەهەمان کاتدا، حزبێکی شۆڕشگێڕ نەیتوانی نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکار و زەحمەتکێش بکات و دەرکەوێت و نموونەیەکی جیاواز لەوەی ئێستا کە دەسەڵاتیان بۆ لاپەڕە 13

# ئەم دۆخە تازەیەی ناوچەکە بۆ سەرکوتی ڕاپەڕینی جەماوەریی و تێپەڕکردنی ئەم دەورە شۆڕشگێڕانەیەیە!



**هاوڕێیان و ئامادەبووان!**
**ئەم کاتەتان باش!**

سوپاس بۆ ڕێکخستنی ئەم پانێڵە لەلایەن هاوڕێیانی ۆرکر لیبرتیەوە، بەهیوای کاتێکی باشمان هەبێت لە سۆنگەی بەرژەوەندی ڕاپەڕین و نارەزایەتیەکانی خەڵکەوە کە لەناوچەکەدا دەستی پێکردووە.

پێم وابێت هەموومان لەسەر ئەوە هاوڕابین کە کوشتنی قاسم سولەیمانی سەرەتایەکە بۆ هاتنەکایەوەی گۆڕانکاریەکی گەورە لەدۆخی ناوچەکە بەگشتی و کێشمەکێشی پێشوتری نێوان ئەمریکاو ئێران، بەڵام ڕەنگە لێکدانەوەی هەمووان بۆ ئەم دۆخە تازەیە و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کەبەڕێوەیە وەک یەک نەبێ هەرکەس و لایەنە پێشبینی جیاواز بکاو لێرەشەوە سیاسەتی تایبەت بە خۆی بخاتە ڕوو. من لێرەدا کورتەی لێکدانەوە و بۆچونی خۆم دەخەمەڕوو:

هەمومان ئاگاداری ئەوەین کەساڵانیکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە مەیدانی جەنگ و کێشمەکێشی نێوان هێزە ئیمپریالیستی و ناوچەییەکان و چالاکبوونەوەی چەندین ڕەوتی لۆکاڵی بۆرژوازی و لەم نێوەشدا چەندین قوتبی سیاسی و ئابوری و سەربازی سەریان دەرهێناوە و بەدوای خۆشیاندا دەوڵەتانی ناوچەکەو بزوتنەوە بۆرژوازیەکانیان ڕاپێچی جەمسەرگیری و هاوکێشەیەکی ئاڵۆز کردووە. ئەم دۆخە کە لەسەر زەمینەی قەیرانێکی ئابوری جیهانی سەرمایەداری شکڵی گرتووە، هێزە جیهانی و ناوچەییەکانی بەتوندترین و خوێناویترین شێوە لەپێناو دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان و بەدەستهێنانی ناوچەکانی نفوز و بازاری زیاتری کار و سەرمایە، خستۆتە بەرامبەر بەیەکەوە. بێ ئاسۆیی بۆرژوازی جیهانی لەسازدانەوەی دونیای چەند قوتبیدا، لە بێ ئەلتەرناتیڤیدا بۆ مەسەلە سەرەکیەکانی وەک قەیرانی حکومەتی لەڕۆژهەڵات، ئاسۆی پەرەسنەدنی سەرمایە، چۆنیەتی سەرکوتی ئیعترازی نوێی کۆمەڵایەتی کە لە بەهاری عەرەبیەوە سەری لەشۆڕش و ڕاپەڕینەکان دەرهێناوە، ڕەنج دەبات.

لەم نێوەدا سیاسەت و ستراتیژی ئەمریکا وەک هێزێکی سەرەکی لەناوچەکەدا، بەردەوام ڕوو لەخوار و شکستە. خودی سەرهەڵدانی ڕوسیا و چین وەک قوتبی سەربازی و ئابوری لەبەرامبەر ئەمریکادا، هەروەها دوورکەوتنەوەی ئەوروپا لەئەمریکا، تەنانەت دەرکەوتنی تورکیا و ئێران وەک دوو هێزی ناوچەیی.. هەموو ئەمانە خۆی بەمانای شکستهێنانی ڕۆڵی باڵادەستی جیهانی ئەمریکا و ستراتیژیەکە کەلەم پێناوەدا گرتبوویەبەر.

ئەمریکا لەعێراقدا بۆ دەورەیەک کەوتە زەواجێکی سیاسیەوە لەگەڵ ئێراندا، تا پێکەوە لەهاوسەنگیەکی سیاسی و سەربازیدا وڵات بەڕێوە ببەن و قەیرانی حکومەتی لەعیراقدا ڕابگرن، بەڵام ئەم زەواجە زۆری نەخایاند و گۆڕدرا بە کێشمەکێشێکی سەرەکی نێوان ئێران و ئەمریکا، بەتایبەتی بەدوای دەرچونی ئەمریکا لەڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران و تەواوبوونی شەڕی داعش و کشانەوەی لەسوریا و دەستبردن بۆ سیاسەتی میلیتاریزەکردن و لەشکرکێشی بۆ ناوچەی خەلیج.. لێرەوە جارێکیتر عێراق وەک پێگەیەکی سیاسی و عەسکەری قورسایەکی زیاتری لەسیاسەتەکانی ئەمریکادا داگیرکرد و بووە مەیدانێک بۆ هەستانەوەی باڵادەستی و قودرەت نمایی ناوچەیی و جیهانی ئەمریکا لەبەرامبەر حەریفەکانیدا.

سەرهەڵدانی ڕاپەڕینە جەماوەریەکان لەڕۆژهەلاتی ناوەراست (لوبنان، عێراق، ئێران) و سەرهەڵدانی دەورەیەکی شۆڕشگێرانە، لەدژی سەراپای دەسەڵات و سیستەمی ئابوری لەم وڵاتانە، کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگەی لەیەک خەباتی چینایەتیدا خستە بەرامبەر بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەیەوە. ئەمە تەنها دەرکەوتنێکی چینایەتی کرێکار و زەحمەتکێش نەبوو، بەڵکو فاکتۆرێکی سەرەکی بوو لە ئاڵوگۆڕپێدانی هاوکێشەی سیاسی نێوان هێزە بۆرژوازییەکان لەئاست ناوچەکەدا. واتە ئیتر ئەوە تەنها کێشمەکێشی نێوان دەوڵەتان و هێزە ئیمپریالیستەکان نییە کە لەمیژووی ئێستادا کایە دەکەن، بەڵکو ئەوە هاتنەمەیدانی شۆڕشگێرانەی جەماوەر و دەرکەوتنی چینی کرێکار و زەحمەتکێشە کە دەسەڵاتی بۆرژوازی خستۆتە بەردەم مەترسیەوە و خەریکە بۆن بە شۆڕشی کرێکاریەوە دەکات، ئەمەش هەموو چینی بۆرژوازی (جیهانی و لۆکەڵی) سەرەڕای ناکۆکیەکانی نێوانیان، خستۆتە بەرامبەر بەخۆیەوە. بەڕادەیەک کەبەبێ سەرکوت و کۆتاییهێنان بەم ڕاپەڕینە جەماوەریە، بۆرژوازی ناتوانێ هیچ هەنگاوێک بەئاراستەی پڕۆژە و سیاسەتەکانی بۆ سازدانەوەی سیستەمی سیاسی و ئابوری لە ڕۆژهەڵاتدا بنێ. لەم ڕوانگەیەوە من پێم وایە هەرجۆرە لێکدانەوەیەکی دۆخەکە و گرتنەبەری هەر سیاسەتێک لەبەرامبەریدا، بەبێ ئەوەی کە ئەم راپەڕینە جەماوەریە و خواستەکانی، وەک محیوەرێکی سەرەکی جێگا نەگرێ، ئەوا ئەو لێکدانەوە و سیاسەتە لە لێکدانەوەیەکی ژورنالیستی و نا دەخالەتگەری تێپەڕ نابێ.

ئەوە ڕاستە کە کوشتنی قاسم سلێمانی و ڕووداوەکانی دوای ئەمەش، فەزای میلتاریزم و تیرۆریزم و لەشکرکێسی لەئاست ناوچەکەدا پەرە پێدەدا و توندی دەکاتەوەو دەورەیەکی تر لەکێشمەکێش و خوێنڕێژی و بۆمب گوزاری و ئینسانکوژی و وێرانی و تەنانەت جەنگی نیابەتی و دەستبردن بۆ گەمارۆی ئابوری... خۆش دەکات، هەروەها ڕێگا خۆش دەکات کە دەستەوتاقمی میلیشیایی و گروپە سێکتە ئاینی و قەومییەکان لەسایەی ئەم دۆخەدا جارێکی تر بەربینەوە گیانی هاوڵاتیانی مەدەنی، تەنانەت ئەوەش ڕاستە کەلەم دەورە تازەیەدا هەم ئەمریکاو هەم ئێران وەک دوو جەمسەری تیرۆریزمی دەوڵەتی، بەشوێن ئامانجە ناوچەیی و ستراتیژیەکانی خۆیانەوەن، بەڵام تەواوی ئەم دۆخە تازەیە لەئێستادا بۆ سەرکوتی راپەڕینی جەماوەری و تێپەڕکردنی ئەم دەورە شۆڕشگێرانەیەیە لەیەک فەزای جەنگی تیرۆریزم و میلیتاریزمدا، ڕاپەرێنێکی جەماوەری و دەورەیەکی شۆڕشگێرانە کە دەسەڵاتداریێتی بۆرژوازی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە و حوکمەتەکانی عێراق، ئێران، لوبنان و خستۆتە ترس و لەرز و دارمانەوەو هەتا ترسی خستۆتە هەناوی حکومەتانێکی تری ناوچەکەش.

ئەوەی کە حەسەن نەسرولا تا دوێنی زەلیل و ریسوای بەردەم خەڵکی ڕاپەڕیوی لوبنان بوو، ئێستا زمانی دژی ئەمریکایی و ئیسرائیلی درێژکردووە و فەزای خۆپیشاندانەکانی لەترس و دڵەراوکێی تۆڵەسەندنەوەدا راگرتووە. لەعێراق ڕیزی لەبەریەک ترازاوی ئەحزابی شیعەی یەکخستووە و لەژێر پەرچەمی دژی ئەمریکایدا کۆی کردوونەتەوە و بەم پەرچەمەوە کەوتونەتە هەڵپێچانی خەیمەی خۆپێشاندەران لەبەسرەو ناسریە. لەئێران سیناریۆی بەخاک سپاردنی سولەیمانی و موهەندیس سەدان هەزار کەسی بەپەرچەمی دژی ئەمریکایی و تۆڵەکردنەوەوە هێناوەتە سەر شەقامی شارەکانی ئێران کەدوێنی جێگای خەڵکی ڕاپەڕیو بو... هەموو ئەمانە دەرکەوتە سەرەتاییەکانی سیاسەتی سەرکوتکردنی راپەرینی جەماوەری ئەم دەورە شۆڕشگێرانەیەیە کە لەناوچەکەدا هەیە کەدیارە لەگەڵ تەقاندنی هەر موشەک و کردەوەیەکی تیرۆریستانەدا، لەلایەن ئەم دوو لایەنەوە واتە ئەمریکاو ئێرانەوە، فەزا زیاتر لەدژی جەماوەری راپەڕیو و خواستەکانی توند دەبێتەوە، تا سەرەنجام خەڵکی نارِازی ناچار بکەن دەست هەڵبگرن و بڕۆنەوەماڵەوە. ئەمە خاڵی جەوهەری و ئامانجی سەرەکی ئێستای توندبوونەوەی ئەو کێشمەکێشەی نێوان ئەمریکاو ئێرانە کە بەدوای کوشتنی قاسم سولەیمانیدا هاتۆتەکایەوە.

بەبڕوای من دیفاع لەراپەڕینی جەماوەری و خواستەکانی لەئاست ناوچەکەدا میحوەری هەر سیاسەتێکی کۆمۆنیستی و کرێکارییە، تەنانەت لەئێستادا خەبات لەدژی ئەم فەزا جەنگی و تیرۆریستیە، دەبێ بۆ هەڵگرتنی بەربەستەکانی بەردەم پێشڕەویەکان و فروان بوونەوە و رادیکاڵ بوونەوەی ئەم جوڵانەوەیە بێت.

دیفاع لەراپەڕین و خواستەکانی، یانی بەدەستەوەگرتنی هەمان خواستی چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکاو ئێران و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەیە، یانی خواستی ڕوخانی ڕژێم و سەراپای دامودەزگاکانی بۆرژوازی، یانی هەڵوەشانەوەی میلیشایی حزبەکان و سپاردنی چارەنوسی عێراقە بەدەستی خەڵکەکەی.

لەیەک وتەدا دیفاع لەراپەرینی جەماوەری و خواستەکانی خەباتە بۆ بەدەستهێنانی ئەمنیەت و پاراستنی پایەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەرگرتن لەدارمانی زیاتری.. بەبڕوای من کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان چ لەئاستی جیهان و چ لەناوخۆی هەر وڵاتەدا (دیارە هەر وڵاتە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی خۆی) لەجیهەتی ڕێبازێکی سیاسی وادا دەتوانن ئەرکە محەلی و ئەنتەرناسیونالیستەکانیان بەرنەپێشەوە. ئەمە بانگەوازی شۆڕشی بەردەوامی مارکسە، کەوایە نابێ ڕێگا بەسەرکوتی ئەم بزوتنەوەیەی بەڕێکەوتووە بدەین. لەیەک وتەدا ڕاپەرێن و خەباتی جەماوەری لە ڕۆژهەڵات چینی کرێکار و کۆمۆنیزمی جیهانی بانگەواز دەکات کە لەدڵی قەیرانی ئێستای بۆرژوازی جیهانیدا، بەرەو گرتنەبەری ستراتیژی شۆڕشی کرێکاری برۆن.

لەکۆتاییدا خاڵیک کەدەمەوێت باسی بکەم ئەوەیە کەئایا ئەگەری "جەنگی سێهەمی کەنداو" لەئارادایە؟ ئایا ئەم دۆخە بەرەو جەنگێکی ڕاستەوخۆ لەدژی ئێران دەڕوات؟

پێدەچێت ئەمریکا بەو ئەنجامە گەیشتووە کەسیاسەتی گەمارۆدانەکان لەدژی ئێران کافی نییەو دەبێ فشارەکانی بباتە ئاستێکی ترەوە، ئەویش لەڕیگای توندکردنەوەی فەزای جەنگی و تیرۆریزمەوە، تا هەم ڕۆڵی ئەوروپا لەبەرامبەر ئێراندا بەرێتە دواوە و بیانخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، وەهەم ڕۆڵی ناوچەیی ئێران کەم بکاتەوە. بەڵام ئەوەی کە ئەم دۆخە لەئێستادا بەشەڕێکی سەربازی راستەوخۆی نێوان ئێران و ئەمریکا بگۆڕدرێ ئەگەرێکی نامحتەمەلە، چونکە نە ئێران دەیەوێت جەنگ بچێتە خاکەکەیەوە و نە ئەمریکاش سیاسەتی ڕاگەیەندراوی ئێستای جەنگە لەدژی هیچ یەک لەوڵاتانی ناوچەکە.

لەسەریکی ترەوە هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد توندبوونەوەی کێشمەکێشی نێوان ئێران و ئەمریکا لەئێستادا بۆ سەرکوتی راپەڕینە و بەدژی فەزای شۆڕشگێڕانەی ناوچەکەیە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی حاکمیەتی کۆنەپەرستی زەربەخواردووی بۆرژوازی ناوچەکەیە کەلەژێر کارگەریەکانی جوڵانەوەی سەرنگونی خوازی جەماوەرەوە لەئاست ناوچەکەدا لەق بووە..

**تێبینی: قسەوباسی نوری بەشیر لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لە پانێڵێکدا لەلەندەن کە بۆ ژمارەیەك لە کۆمۆنیستەکانی ئێران، کوردستان، عێراق و بەریتانیا سازدرا ڕۆژی ١١/١/٢٠٢٠ لەسەر کێشەی نێوان ئەمریکاو ئێران و کاریگەریەکانی بۆسەر نارەزایەتیەکان**



# سادق عەزیز: جەماوەری ڕاپەڕیوو، ناچنە سەنگەری لایەنەکانی ئەم ڕوبەڕوبونەوانە و ئاڵودە نابن بە وەهمی ڕۆڵی ئەمریکا و ئێران...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هەڵسوڕاوی سۆسیالیست هاوڕێ سادق عەزیز سەبارەت بە گرژیەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا دوای کوژرانی قاسم سلێمانی...

**بۆپێشەوە: کوژرانی قاسمی دەبێتە هۆی لاوازکردنی ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکە، یان بەپێچەوانەوە ڕۆڵی ئێران زیاد دەکات؟**

**سادق عەزیز:** بە دڵنیاییەوە کوژرانی قاسم سلێمانی لە ناواخنی ڕوبەڕووبوونەوە و تەنگژەیەکی فراوانتر و قوڵتری نێوان ویلایەتە یەکگرتوووەکانی ئەمریکا و ئێران دێت. ئەم ناکۆکی و ڕوبەڕوبوونەوانە کە زیاتر لە چل ساڵە بەردەوامە، و لە هەر قۆناغێکیشدا بەدوای یەکدا بە تایبەتمەندێتی و ڕوخساری جیاوازەوە خۆی نیشانداوە.

**بێگومان ڕوداوی کوژرانی قاسم سلێمانی کار ئەکاتە سەر هەڵکشانی تەنگژە و ڕوبەڕوبونەوەکانی نێوان ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پێ ئەنێتە قۆناغێکی ڕوبەڕوبونەوەی توندوتیژ لەباری سەربازیی و لۆجستییەوە...**

لەوانەیە بۆ ساتێک وابێتە پێشچاو کە ئەم ڕوداوە بە سەرکەوتن بۆ وڵاتە یەکگرتووەکەنی ئەمریکا بژمێردرێت بەسەر بوون و هەژموونی ئێران لە ناوچەکە و سەپاندنی جۆرێک لە پاشەکشە پێکردن و بەرتەسککردنەوەی وجودی سیاسی ناوچەیی ئێران لە عێراق و ناوچەکە بە گشتی، بەڵام گەشەسەندنی ڕوداوەکان لەم دەساڵەی دوایدا، ئەوەی بۆ ئێمە ئاشکرا کردووە کە وەستان و (ركود) و کشوماتی، بەرەوپێشەوەچونی هێزە ململانێکەرە نێودەوڵەتییەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست جێگیر و دامەزراو نەبووە. جارێک پاشەکشەی نفوز و بوونی ئەمریکا ئەبینین لەسەر حساب و باڵادەستی و پێشڕەوی و نفوزی ڕوسیا و هاوپەیمانەکانی و جارێکی تر پێچەوانەکەی ئەبینین. ئەم ئەمدیو ئەودیوکردنە (ملە قوتێیە) لە بنەڕەتدا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەیرانە جیهانیەی کە سەرمایەداری بەدەستیەوە ئەناڵێنێت و کە وێنایە بۆ ناسەقامگیری جیهانی و کۆتایهاتنی سەردەمی تاک ڕەویی و هەژموونی تاک جەمسەریی.

**بۆپێشەوە: بێگومان کوژرانی قاسمی، گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران لە ناوچەکەدا دەباتە سەرەوە، کاریگەری ئەم گرژیانە لەسەر عێراق و ئێران و ناوچەکە چی دەبێت؟**

**سادق عەزیز:** بێگومان ڕوداوی کوژرانی قاسم سلێمانی کار ئەکاتە سەر هەڵکشانی تەنگژە و ڕوبەڕوبونەوەکانی نێوان ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پێ ئەنێتە قۆناغێکی ڕوبەڕوبونەوەی توندوتیژ لەباری سەربازیی و لۆجستییەوە، و ئەم تەنگژانەش کارئەکاتە سەر گشت هێزە نێودەوڵەتی و سیاسییەکان.

پەرچەکرداری دەوڵەتەکانی ناوچەکە و بەتایبەتیی عێراق، ئاوێنەیی نابێت، هەرچۆن ئاوێنە وێنەیەک بە شێوەیەکی میکانیکی وێنا ئەکاتەوە، بەڵکو ئەو سیاسەتانەی دەوڵەتانی ڕوبەڕوبوونەوەکە بەڕێوەی ئەبەن، چ ئێران و چ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانن ئامانجەکانیان بەدی بهێنن یا تێپەڕێن، بەبێ حسابکردن بۆ ڕۆڵ و جێگاو شوێنی سیاسی عێراق، و بابەتەکەش ئەوە نییە کە هاوپایمانییەتی دروستبکەن یا بەدوای سیاسەتێکی دیاریکراوەوە بن، هەرچۆن ڕۆژنامە نووسێکی لیبرال لە ڕۆژنامەی گاردیان یا پەیامنێری یەکێک لە تەلەفزیۆنە ئاسمانییەکان ئەیبینن! هەر بۆیەش، عێراق هێمای سەرەکی و بنچینەیی ئەبێت کە سیاسەتێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دیاریکراوی پیاتێپەڕ ئەبێت و ئەبێتە بەشێک لە شکڵگرتنی ڕوبەڕوبونەوەکانی ووڵاتانی خۆرئاوا و ئێران. جیهانی ئەمرۆ بەشێوەیەکی ئەندامەکی(عزويى) چالاک بەیەکەوە پەیوەستن و ناکرێت پێکهاتەکانی لەبەرچاو نەگرین یا ڕۆڵی پێکهاتەکانی بە شێوەیەکی میکانیکی و مجەرەد ببینین.

**بۆپێشەوە: وەڵامی ئێران بە ئەمریکا لەبەرامبەر بە کوژرانی قاسمیدا چی دەبێت؟ ئایا مەترسی هەڵگیرساندنی جەنگی لێ ناکرێت؟ زلهێزەکانی تر چ ڕۆڵێک لە گرژی نێوان ئێران و ئەمریکادا دەگێڕن؟**

**سادق عەزیز:** ئەزموونەکانی چەند ساڵی ڕابردوو ئەوەیان دەرخستووە زۆر بە ڕوونی، کە چۆن دەوڵەتان و هێزە دەرگیرەکان لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەدیاریکراویش لەعێراق، هەمیشە هەوڵیان داوە و بەدوای دەسکەوت و بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری و سەربازییەوە بن..لەبەر ئەمە و لە ناواخنی ئەم هەوڵانە هەموو لایەن و هێزەکان هەر یەکە بۆخۆیان کاریان کردووە بۆ قۆستنەوەی فرسەت و سوود وەرگرتن لەهەر ڕوداو و پێشهاتێکی سیاسی یا سەربازی یا هەرشتێکی تر، بۆ دابینکردنی پێشڕەوایەتیکردن و چونەپێشی باشتر لە ڕوبوڕوبونەوەی نێوان کوتلە و هێز و جەمسەرە ململانێکەرەکان، و دەسکەوتنی جێگا و شوێنی باشتر بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی دواتریان..ئەم ڕەتکردنەوانەی ڕوداوەکانیش لەوەیە لەباری ئابورییەوە بووبێت وەک سەپاندنی گەمارۆیەکی ئابوری دیاریکراو یا دبلۆماسیی و سەربازیی...ئەمەش ئەوەیە کە ئێران خوازیارێتی یا هەوڵی بۆ ئەدات لەم دەرگیری و ڕوبەڕوبونەوانەدا. بڕیاری پەرلەمانی عێراق لەبارەی "دەرکردن و نەهێشتنی بوونی سەربازیی هێزە بێیانییەکان" کە مەبەستی سەرەکی لەم بڕیارە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو وەک ئەوەی سەرکەوتنی هەژمونی ئێران و ستراتیجیەتی دەربکەوێت.

هەر وەک ئەشزانن ئێران ڕوبوڕوبونەوەکانی بردە ئاستێکی باڵا تر، بەوەی کە چەند ساروخێکی گرتە پێگە و مۆڵگەکانی ئەمریکا لە عێراق. مەبەستی سەرەکی لێدانی پێگە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق لەلایەن ئێرانەوە، ئەوەندە سەربازیی نییە بەو ڕادەیەی کە سیاسیی و ئیستراتیجییە، وە ئامانجی سیاسیشی لە ناواخنی ئیستراتیجییەتی جمهوری ئیسلامیدا هەڵگرتووە کە لە ناوچەکە هەیەتی.

**مەبەستی سەرەکی لێدانی پێگە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق لەلایەن ئێرانەوە، ئەوەندە سەربازیی نییە بەو ڕادەیەی کە سیاسیی و ئیستراتیجییە، وە ئامانجی سیاسیشی لە ناواخنی ئیستراتیجییەتی جمهوری ئیسلامیدا هەڵگرتووە کە لە ناوچەکە هەیەتی.**

**بۆپێشەوە: بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری لە عێراق تا ئێستا قوڵپ دەدات و ساحەی تەحریرەکان سومبلی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی جەماوەرین ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو بزووتنەوە ناڕەزایەتییە جەماوەرییە دەبێت؟**

**سادق عەزیز:** پاش چوونەسەر و توندبوونەوەی ئەم ڕوبەڕوبوونەوانە، ناڕەزایەتی و مانگرتنەکانی ساحەی تەحریر و باقی گۆڕەپانەکانی شارەکانی تر لە ناوەڕاست و خواروی عێراق، لە بەردەم هەڵبژاردەیەکی سەخت و قورسدا نین.... ئەو هۆکارە مادییەی کە بزوێنەر و گەشەپێدەری ئەم ناڕەزایەتیانە بوو، نە تائیفی و نە قەومی، تەنانەت نیشتیمانی و ناسیونالیستی ڕوت نەبوون، بەڵکوو لە بنەڕەتەوە هەژاری و بێکاری و گەندەڵی بوو، کە ملیۆنەها لە ڕۆلەکانی عێراق پێیانەوە ئەناڵاند و دەرگیری بوبوون ...لەبەر ئەمە ڕەتکردنەوەشی ڕوونە لەلایەن گەنجانی ڕاپەڕیوەوە، و ناچنە سەنگەری لایەنەکانی ئەم ڕوبەڕوبونەوانە و ئاڵودە نابن بە وەهمی ڕۆڵی ئەمریکا و ئێران، سەرەڕای هەوڵدانە شکستخواردووەکانی هەندێ لەهێزە ئیسلامییە شیعەکان بۆ قۆستنەوەی ڕوداوەکە و کارکردنە سەر ڕێڕەوی سەربەخۆی شۆڕشگێڕانەی ڕاپەڕین...بە گشتی ئەم ڕوداوانە ئەقۆستریێنەوە لە لایەن ڕێکخراوە و هێزە سیاسییە کۆنەپەرستەکانەوە بۆ سڕینەوەی و مۆڵدانی کەشوهەوای شۆڕشگێڕانە و لەباربردنی ڕاپەڕین و جوڵانەوەکە و هەر چۆن هێزە ئیرهابییە تیرۆریستە گەندەڵکارەکان لە ناسریەی فیداکار ئەم کارەیان کرد، و گەنجانی پاڵەوانی شارەکە ڕوبەڕوی ئەو موئامەرە و فێڵ و تەڵەکانە بوونەوە، و ئەوپەڕی پێداگریی و گیانبازییان لەخۆ نواند.



# جەلیل ئازادیخواز: لە ڕاستیدا کێشەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا بە کوشتنی قاسم سلێمانی پێ دەنێتە قۆناغێکی تازەو گۆڕانی بنەڕەتی بە خۆیەوە دەبینێ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز جەلیل ئازادیخواز نووسەر و لێکۆڵەرەوە سەبارەت بە کێشەی نێوان ئێران و ئەمەریکا دوای کوشتنی قاسم سلێمانی.

**بۆپێشەوە: کوژرانی قاسم سلێمانی چ کاریگەریەکی دەبێت لەسەر ئایندەی ململانێکانی نێوان ئێران و ئەمریکا؟**

**جەلیل ئازادیخواز:** لە ڕاستیدا کێشەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا بە کوشتنی قاسم سلێمانی پێ دەنێتە قۆناغێکی تازەو گۆڕانی بنەڕەتی بە خۆیەوە دەبینێ. ئەم ململانێیەی نێوان ئەم دوو وڵاتە لەسەر شەڕی سارد و بە فۆرم میکانیزمی نوێنەرایەتی تا هەنوکە کاری کردووە و درێژەی هەبووە، بەڵام دوای کوژرانی قاسم سلێمانی ئەمریکاییەکان بەجۆرێک وازیان لەم شەڕی سارد و بە نوێنەرایەتیە هانی و ڕاستەوخۆ ڕووی ڕمی شەڕەکەیان کردە ئێران خۆی. بۆیە نابێ گومانمان هەبێت، کە کوژرانی سلێمانی کاریگەری ڕاستەوخۆ و گرنگ لەسەر ئەم ململانێیە جێدێڵێت. ڕوونە قاسم سلێمانی و کۆی کایەکانی ئەم ڕووبەرە هەر هەموو پەیوەست و سەر بەبەرژەوەندیە گشتی و ستراتیژیەکانی ئێران و ئەمریکایە. بۆ ئێرانیەکان قاسم و هەموو میکانیزمەکانی تریش تەنیا لە چوارچێوەی هێشتنەوەی ڕژێم و پاراستنی ئاسایشی ڕژێمدا ڕەچاو دەکرێن. ڕوونە بۆ ئەمریکایەکانیش پاراستنی بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی خۆیان و هاوپەیمانەکانیان سەرەکیترینن، بەتایبەتی پاراستنی بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەی ئیسرائیل. لەم نێوەدا ڕۆڵی قاسم سلێمانی وەک کەسێکی بە ئەزموون وخاوەن پەیوەندی فراوان و مێژوویەکی درێژ لە ڕێکخستن و ئامادەسازی هێزە بنەماخواز و پەرگیرو تیرۆریستەکان بۆ ئێران گرنگیەکی ستراتیژی و ئینکار نەکراوی بووە. سەردەمی دوای سلێمانی بێگومان وەک سەردەمی خۆی نابێت و پاشەکشە و لاوازبوونی ئەم پەیوەندی و ڕێکخستنانە هەنووکە هەست پێ دەکات. لە ڕووبەرێکی دیکەوە دۆخی گشتی ئێران خۆی وەک دەوڵەتێکی نیمچە هەڵوەشاوە، کە بە جۆرێک هەرەسی ئابووری و کولتووری ورەوایی گەمارۆی داوە ناتوانێ بوجە و موچەی تەواو بۆ پێداویستیەکانی ئەم شەرە دابین بکات. هەنووکە دەبینین ئێران لە ناوخۆی وڵاتەوە بوون و مانەوەی کەوتۆتە بەر هەڕەشەی جددی و هەژمونی و دەسەڵاتی لە ئاوابووندایە. ڕژێمی ئێران ویستی لە کوژرانی سلێمانی کەڵکاژۆ بگرێ بۆ ئاشتکردنەوەی باڵەکانی خۆیان و پڕکردنەوەی دابڕانی جەماوەری ورەوای دەرەکی کە سەرکەوتوو نەبوو. ئاتێستا ڕەوتی گۆڕانکاریەکان لەئاستی ناوچە و هەرێم و جیهان بە شێوەیەکی گشتی لە بەرژەوەندی ئەمریکایە. ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوخۆی ئێران فاکتۆری سەرەکی و چارەنووس سازدەبێت لەم پەیوەندیەدا، وادیارە ئەویش بە هیچ جۆرێ لە بەرژەوەندی ڕژێمی ئێران نییە.

> **ڕژێمی ئێران ویستی لە کوژرانی سلێمانی کەڵکاژۆ بگرێ بۆ ئاشتکردنەوەی باڵەکانی خۆیان و پڕکردنەوەی دابڕانی جەماوەری ورەوای دەرەکی کە سەرکەوتوو نەبوو. ئاتێستا ڕەوتی گۆڕانکاریەکان لەئاستی ناوچە و هەرێم و جیهان بە شێوەیەکی گشتی لە بەرژەوەندی ئەمریکایە...**

**بۆپێشەوە: لای ئێوە سەرەکی ترین هۆکاری ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا چییە؟**

**جەلیل ئازادیخواز:** ڕوونە ڕژێمی ئێران دەسەڵاتێکی توتالیتەری تئۆکراتە، و بوون و پێکهاتەیەکی ئایدۆلۆژی کۆنەخوازانەی هەیە، کە دوو فاکتەری ئاینزای شیعەی سەفەویی و ناسیونالیزمی دێرینەخوازی ئێرانی چەقی ئەم پێکهاتە ئایدەلۆژیەن. لە ڕاستیدا دەسەڵاتی ئێران لە هەناوی خۆیدا پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی نا سەردەمیانەیە و هەر بوونی خۆی لە هەردوو ڕەهەندی ناوخۆی و دەرەکیدا دژ بە فۆرمی ژیانی نوێ و مۆدێرنە. سەرەڕای ئەمەش ڕژێم بەتەمای هەناردەکردنی دیسکۆرسی خۆی و دروستکردنی بەرەی شیعەیە، وەک خۆیان دەڵێن هەر ئێستا دەستیان گرتووە بەسەر چوار پایتەختی عەرەبی داو، بە شێوەیەکی بەرچاویش لە فەلەستین و بەشی زۆری وڵاتانی عەرەبی ئامادەیە. دەسەڵات و هەژمونی نەریتی دنیای عەرەب و موسڵمانی ڕووبەڕووی ترس و زەبر لێدان کردۆتەوە، ودەڕوات ئاسایشی ئیسرائیل و وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بخاتەمەترسی و گرفتی جددیەوە. هەڕەشەی هەناردەکردنی شۆڕش و دەست وەردان لە کاروباری وڵاتان و خستنە مەترسی بەرژەوەندی و هەمونی ئەمریکا لە ناوچەکە و هاوپشتی تیرۆریزمی جیهانی و سازدانی کێشەی وزە، و قەیرانی سیاسی؛ ئەو هۆکارانەن کە ئەمریکا و بەگشتی ڕۆژئاوا سوور دەکەن لەسەر دژایەتی و کۆنترۆڵکردنی ڕۆڵی ئێران و هاوپەیمانەکانی. بەرجەستەترین ئەم قەیرانانە: دژایەتی ئاشتی عەرەب و ئیسرائیل و هەناردەکردنی بزووتنەوە مافخوازەکانی دنیای ئیسلام، و هەوڵ بۆ لێدانی هەژمونی وڵاتانی ئیسلام بەگشتی و هەردوو گوتاری سونەی سعودی و میسری. کە بەشێکن لە ترسە گرنگەکانی دنیای ڕۆژئا و دەسەڵات

**بۆپێشەوە: ئێران و ئەمریکا، عیراقیان کردۆتە گۆرەپانێک بۆ ململانێی خۆیان، کە خەڵکی بێبەشی عێراق، قوربانیانی سەرەکی دەبن، کاتی ئەوە نەهاتووە، دروشمی چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا و ئێران و گشت وڵاتانی تر بەدەستەوە بگیرێت و ببێتە بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەهێز بۆ ناچارکردنیان بە ڕۆشتن؟ وە ئایا ئەو پرۆژە بڕیارەی کە پەرلەمانی عێراق لە ٥ی جەنیوەری ٢٠٢٠ تێپەڕاند چ کاریگەریەکی دەبێت؟**

**جەلیل ئازادیخواز:** لە ڕاستیدا عێراق پردی بردنەوەی گرەوەکەیە! گرنگی ستراتیژی عێراق بۆ ئێران هێندەیە، کە مانەوە و دەرچوونی لە عێراق دەتوانێ کۆی پرۆژەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئێران تێکشکێنێ یا سەرکەوتووی بکات. ڕۆژئاوا و ئەمریکا باش ئەم ڕاستیە دەزانن، کە سەرکەوتن و دەرئەنجامی بەرەی مانگی شیعە و کۆی پرۆژەکەی ئێران پەیوەستە بەمانەوە و جێگیرکردنی هەژمونی ئێران لە عێراقدا. عێراق ئەو ڕێگا گرنگە ستراتیژیکەیە کە ئێران دەباتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست و سنوورەکانی ئیسرائیل و کۆی بەرەی شیعەی جیهانی لە ناوچەکەدا بەیەکەوە دەبەستێت، و لە ڕاستیدا بەم شێوەیە بەشێکی زۆری خاک و سامانی دنیای عەرەبی و ئیسلامی دەکەوێتە دەست ئێران. هەر ئەمەش وادەکات کە هەم ئاسایشی ئیسرائیل هەم وڵاتانی عەرەبی و هەم بەشێکی زۆری وزە لەم ناوچەیەدا بکەوێتە مەترسی و ترسی دەست بەسەراگرتنی ئێران. جگە لەمانەش ئەمریکیەکان هەزینەیەکی گەورەی مرۆیی و مادییان لە عێراق سەرف کردووە. سەرەڕای ئەوەش عێراق ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژی سەربازیە، و لەڕووی ژئۆپۆلۆتیکەوە فراوان و گرنگە، و ناوەندی سەرکوتکردنەوەی تیرورە. عێراق نزیکترین سنووری خاکی زەبردانە لە ئێران، بەجۆرێک هەر کەس کۆنترۆڵی عێراق بکات دەتوانێ کۆنترۆڵی کەنداو و ئێرانیش بکات. کۆی ئەم بابەتانە وایکردووە کە عێراق گرنگیەکی جیهانی و ناوچەیی هەبێت. دەبینین ئەمریکا پشتیوانی خۆپیشاندانەکان دەکات، و ئێرانیش خۆپیشاندانەکان بە فیتنە و دەستی دەرکی دەزانێت، و بە کۆنترۆڵکردنی حکومەتی ناوەندی و هێزی شیعە هەوڵی سەرکوتکرنی ئەم ڕاپەڕینانە دەدات، وتێدەکۆشێ لەڕێگای حکومەت و پارلەمانی ملکەچی خۆیەوە ئەمریکا دەرکات. ئەویش پارلەمان و حکومەتێ کە هیچ ڕەوای و پەسەندیەکی نییە و خۆی نامەشروعە. لە ڕاستیدا لەم دۆخەدا و لە ئێستادا بەم حکومەتە ئێرانیەوە دەرکردنی ئەمریکا لە عێراق بەسودی ئێرانە و ئەگەری دەرکردنی ئەمریکاش ئەستەمە. عێراق تەقریبەن وڵاتێکی هەڵوەشاوەیە، و توانای ئەنجامدانی بڕیارێکی وای نییە. لە ڕاستیدا تادەرکردنی ئێران و هەڵوەشانەوەی حکومەتی سەر بەئێران لە عێراقدا دەرکردنی ئەمریکا کارەساتە و بەخشینی عێراقە بە ئێران. بۆیە ڕەوایە ڕاپەڕینی جەماوەری جڵەوی دەسەڵات و سیاسەتی عێراق بگرێت بە دەستەوە و بڕیاری گونجاوی خۆی لە بەرژەوەندی عێراق بدات.

> **لە ڕاستیدا عێراق پردی بردنەوەی گرەوەکەیە! گرنگی ستراتیژی عێراق بۆ ئێران هێندەیە، کە مانەوە و دەرچوونی لە عێراق دەتوانێ کۆی پرۆژەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئێران تێکشکێنێ یا سەرکەوتووی بکات.**

## درێژەی....بانگەشەی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی مافی ئافرەت...

لەبەرچاو ناگیرێت، هەر بۆیە ئەنجامدانی هەموو جیاکارییەک ئەنجامدانی توندوتیژییە لەسەر بنەمای رەگەز، ئەگەرچی ئافرەت تییدا زەرەرمەندی یەکەمە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە گەورەترین پێشێلکارییە بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ، دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە کێشەکانی ئافرەت کێشەی هەموو کۆمەڵگەکەیە و هەر کاتێک توندوتیژی، یان پێشێلکاری لەبەرامبەر ئافرەت بوونی هەبوو، دەرەنجام ئافرەت بە تەنیا زەرەرمەند نییە، بەڵکو هەموو کۆمەڵگە زەرەرمەند دەبێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەمەش وادەکات کە سەنگایی لە چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤدا هەبێت، هەر کاتێک ئافرەت توانی لە کۆمەڵگەدا مافە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی بەدەست بێنێت، ئەمە رەنگدانەوەیەکی ئەرێنی و کاریگەری لەسەر خێزان و کۆمەڵگە دەبێت، چونکە بنەمای سەرەکیی ئەم مافانە لە جاڕنامەی جیهانی و هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و دابینکردنی ئەو مافانە لەلایەن دەوڵەتەوە جیاکاری تێدا نەکراوە، هاوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵی ئەوەی داوە، زیاتر مافی کچان و ئافرەتان لە کۆمەڵگە پارێزراو بێت و میکانیزمی پتەوتریش بۆ پاراستن و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر مافەکانیان دابندرێت، ئەوە پاڵپشت بە بەڵگە نێودەوڵەتییەکانە و چەندین رێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت دەرکراون، گرنگترینیان بڕیاری ژمارە(1325)ی تایبەت بە پاراستنی کچان و ژنان لەکاتی جەنگ و ململانێ ناوخۆییەکانە».

لە کۆتایی ئەم راپۆرتەدا ماوە بگوترێ: جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ لە ١٠ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨ لە کۆبوونەوەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسندکرا. پاش پەسندکردنی، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە ئەندامەکانی کرد، کە ئەم جاڕنامەیە بە شێوەی گشتی بڵاوبکەنەوە هەتا لە قوتابخانە و ناوەندەکانی فێرکردن بڵاوبکرێتەوە و بخوێندرێت.

**راپۆرتی شوانە حەسەن بۆ بڵاوکراوەی بۆ پێشەوە...**

## درێژەی.... دیمانە لەگەڵ تۆما حەمید

بەدەستە نیشانی جەماوەر بدات. بۆیە حزبایەتی رەتدەکرێتەوە و ئەو حزبانەش کە بوونەتە نموونەی درۆ و گەندەڵی و سەرکوت و دواکەوتوویی ...تاد رەتدەکرێنەوە. ئەم چەند دەیەیانەی دوایی دەریانخست، کە بۆرژوازی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی لەبەرژەوەندی کۆمەڵگە پێ نییە، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی لەژێر هەیمەنەی ئیمپریالیدان. چارەسەری پێشکەوتوخواز تەنیا لەسەر دەستی چینی کرێکار و رابەری حزبی شۆڕشگێری ئەودا دێتە دی. بەڕای من لە هەلومەرجی راپەڕینی ئێستادا، ئەو رێگەچارەیەی کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بانگەوازی دەکات، بۆ رێکخستنی جەماوەر لە شوێنی کار و ژیان و خوێندن لە ئەنجومەن و کۆمیتە شۆڕشگێڕەکان لە رێگەی هەڵبژاردنی راستەوخۆوە، کارسازترین رێگەیە، و رەنگە ئەنجامەکەشی لە بەرژەوەندی جەماوەردا بێت. هەروەها کارکردن لەسەر ئەم ئەڵتەرناتیڤە دەبێتە رێگەیەک و فرسەتێک بۆ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و هەموو هێزە سۆشیالیست و پێشکەوتوخوازەکان بۆ گێڕانی رۆڵێک لە گەڵاڵەکردنی ئەڵتەرناتیڤێک و بۆ جەماوەریشی بسەلمێنن کە ئەوان نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانیان دەکەن. کاری رێکخستن و پێشکەشکردنی ئەڵتەرناتیڤ بۆ دەسەڵات دەبێ ئێستا دەستپێبکرێت، نابێت چاوەڕوان بین تاوەکو دەسەڵات دەڕووخێت و پاشان بیر لە ئەڵتەرناتیڤ بکەینەوە، ئەم مەیلەش زۆر بەهێزە لەناو بزووتنەوەی نارەزایەتیەکاندا.

**بۆپێشەوە: بۆچی تائێستا خەڵکی کوردستان، بەشێوەی فراوان و جەماوەری نەهاتوونەتە مەیدان بۆ پشتیوانی لە داوا و خواستی جەماوەری خۆپیشاندانەکانی شارەکانی عێراق؟**

**تۆما حەمید:** بەڕای من ئەگەری دەستپێکردنی نارەزایەتییەکان لە هەموو شوێنێکی جیهان و بەتایبەت لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، چونکە لە زوربەی وڵاتانی جیهان جەماوەر لە هەلومەرجێکدا دەژیت، سیاسەتی نیولیبراڵیزم حوکمی دەکات، ئەویش هەلومەرجێکە جێی تەحەمول نیە، بەڵام وەک دەڵێن (هەر دار حەیزەرانە، پشتی حوشتر دەشکێنێت). لە ئێران بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین و لەشیلی بەرزبوونەوەی نرخی گواستنەوە و هاتووچۆ، و لە فەرەنسا یاسای خانەنشینی.. تاد. سەرەڕای ئەوەی بەپێی یاسا کوردستان بەشێکە لە عێراق، و سەرەڕای ئەوەی گوزەران خراپە، بەڵام نابێت لامان وابێت هەڵگیرسانی نارەزایەتیەکان لە عێراق مانای وایە لە کوردستانیش نارەزایەتی دەبێت. ئەو هۆکارەی (ئەو دارحەیزەرانەی)کە بووە هۆی هەڵگیرسانی نارەزایەتیەکان لەعێراق، مەرج نییە هەمان (ئەو دارحەیزەرانە) ببێتە هۆکاری نارەزایەتیەکان لە کوردستان. ئەو (دارحەیزەرانە)ی بووە هۆکاری نارەزایەتیەکانی عێراق، سەرکوتی خوێناوی توندوتیژی بێ هۆکار بوو کە حکومەت لەبەرامبەر خۆپیشاندەران بەکاری هێنا لە سەرەتای رۆژانی یەکەمی خۆپیشاندانەکان لە ئۆکتۆبەر. لەلایەکی دیکەوە، ئەو قەیرانە سیاسی و کێشمەکێشی نێوان لوتکەکانی دەسەڵات لە کوردستان، بەهەمان شێوە نییە بە بەراورد بە عێراق. واتە جۆرێک لە هاودەنگی لە رێزەکانی دەسەڵات هەیە لە بەرەورووبوونەوە لەبەرامبەر جەماوەردا. بەپێچەوانەی عێراق، کێشمەکێش و جیاوازیەکی زۆر لەنێوان هێزەکانی دەسەڵاتدا هەیە. تەرازووی هێزی نێوان دەسەڵات و جەماوەر لە کوردستاندا، لەبەرژەوەندی دەسەڵاتدایە، زۆرتر لە عێراق. دەبێ ئاماژە بە رێژەی برسیەتی و هەژاری و بێکاری بکەم لە عێراق، کە گەیشتۆتە ئاستی خورافی، تەنانەت زۆر و بەچەندان جار لەهەلومەرجی خەڵکی کوردستان خراپترە. مەسەلەیەکی تریش لە کوردستان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە حزبە دەسەڵاتدارەکان توانیویانە بەشێک لە کۆمەڵگە بە رەشوە بکڕن و بیانکەن بەلایەنگری خۆیان، ئەوەش لە رێگەی دانی مووچە لە بەرامبەر وەزیفەیەکی نادیار، یان مووچەی خانەنشینی بەهۆی ئەندام بوونیان لە یەکێک لەو حزبانەی دەسەڵات یان ملیشیاکانیان. بەڵام پەیوەستبوونی جەماوەری کوردستان بە خۆپیشاندانەکان ئەگەرێکە رەنگە ڕووبدات.

## درێژەی... دوا وتە

جوڵەیەکە، زوربەیان بەدەمی گەرمەوە باسی چاکسازی و گۆرانکاری دەکەن، دەمی پیسیان بەدزی و تالانی و درۆ لە دادپەروەری دەکوتن. دێنە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و فرمێسکی تیمساحی بۆ هەژاران دەرێژن... بەڵام زات ناکەن و بۆیەک سات ئامادەنین ئەوە بهێنە بەرچاویان کە چۆن دەکرێت خێزانێک بە ١٥٠ هەزار دینار موچە ژیانی مانگیکیان بەرێ بکەن... ئامادە نین لەوە تێبگەن کە کرێکار و کارمەندانی خیزاندار چۆن دەتوانن بەموچەی چەند سەد هەزار دیناری کرێ خانوو بدەن و ژیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان بەو موچە ناچیزە بۆ مانگێک بگوزەرێنن... لەبەرامبەردا موچەی خۆیان ٨ هەشت ملیۆن و کەخانەنشینیش بوون ٦ ملیۆن بێت...

برسێتی و گرانی، بێکاری و نەداری و هەموو موسیبەتەکانی تری زوربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە، دەسەڵاتی سیاسی و ئەو نوخبە سیاسییە دزە لیی بەرپرسن، حکومەت دەزگای سەرکوت و پاریزەری تالانی و سەرمایەیە، پەرلەمان شوێنی بەیاسایی کردنی نابەرابەری چینایەتی و دزیەکی ئاشکرایە... بۆیە راماڵینی ئەو دەسەڵاتە و بەدادگا کێشانی هەموو کاراکتەرەکانی لەدەسەڵات، لە حکومەت و پەرلەمان... ئەرکێکی نەک پێویست، بەڵکو نەبەردێکی چینایەتی رەوایە، ئەو رۆژە دێت... سزای ئەم تاوانکاریانەیان بدەن.

**عەبدوڵا مەحمود**

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتیەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و رێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو راستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە رێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی راستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵێدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bopeshawa@gmail.com
ماڵپەری بۆپێشەوە
www.bopehsawa.net

## مەرجێکی هەرەگرنگی سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار، پێکهاتنی حزبە کۆمۆنیستیەکانە...

ساڵی سێهەم ژمارە (67) 15/1/2020 دوا لاپەڕە

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
ئاراس ڕەشید، هەتاو عەبدوڵاهی، نوری بەشیر، عەبدوڵا مەحمود، کاوان قادر، عەبدالرحمن ڕەسوڵ، ئارام حەسەن، فوئاد عەزیز، حەکیم میرزا، هیوا ساڵح، ئەحمەد جوانکار...
بۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆ بەسەرنووسەرەوە:
0046737403392

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەت و پەیوەندی: bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی
سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

## دوا وتە

# کەم ئەندامانی مێشك و ویژدان!



بەرواری ١٢/١/٢٠٢٠ ژمارەیەکی بەرچاو لە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و کەم ئەندامەکان، لە دژی موچەی خانەنشینی پلەباڵاکان و کەمی موچەی کەم ئەندامان لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە. خۆپیشاندەران لەبەرامبەر بێ بەڵێنی ئەندام پەرلەمانەکان و پرۆژەی یاسای چاکسازی حکومەتی بەناو چاکسازیخواز!! کە ئاراستەی پەرلەمانی بەناو نوێنەرانی گەل!! یان کردووە، بۆ پەسەندکردن، لەبەرامبەر نابەرابەری خەیاڵی نێوان موچەکان... دروشمی کەم ئەندامانی مێشک و کەم ئەندامی ویژدانی ئەندام پەرلەمان و پلە باڵاکانیان ڕاگەیاند...

موچەی ئەندام پەرلەمان ٨ ملیۆنی ٢٠٠ هەزار دینار و موچەی خانەنشینیشیان ٥ ملیۆن و حەوسەد و چل هەزار دینارە، لەگەڵ ئیمتیازاتی خەیاڵی، لەبەرامبەردا موچەی کریکاران و کارمەندان چەند سەد هەزار و خانەنشینیان ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ هەزار و موچەی کەم ئەندامان ١٥٠ و ١٠٠ هەزار دینارە...

ئەم نابەرابەرییە لە موچەدا، لەهیچ جێگایەکی دنیا بوونی نییە... تەنانەت لە حکومەتە هەر فاشیست و دیکتاتۆر و دزەکانی مێژوودا بێ وێنەیە. بۆیە بەحەق ئەو دەسەڵاتە و خاوەن پلە باڵایانە و پەرلەمانی بۆگەنی هەریمی کوردستان کە چاوی بیبنی ئەو نابەرابەرییەیان نییە، نەک هەر کەم ئەندامی عەقڵ و ویژدانن وەکو کەم ئەندامانی خۆپیشاندەر کردبوویانە دروشم، بەڵکو ویژدان تۆپیو و مێشک مەیوون... دڕندەی لوشدانی ئابوری و داهاتی خەڵکی کوردستانن. سوکترن تویژن کەتەنانەت بەراورد بە ئەندام پەرلەمانەکانی سەردەمی بەعس و رژیمە درندە و سەرکوتکەو و دزانی سەر گۆی زەوی ناکرێن... سەیر ئەوەیە چونکە بەحەق ویژدانیان خاڵی لەهەر لێدان و...

بۆ لاپەڕە ١٣

## ئەو وتی: Herman Gorter

## ( هەتا سەرئێسك من باوەڕم بە سۆشیالیزمە )



هێرمان خۆرتەر، لە 26 نۆڤەمبەر ساڵی 1864لە باکوری هۆڵنداو لە گوندی Wormerveer لە دایکبووە.

هێرمان تەمەنی 6 ساڵانبووە باوکی کۆچی دوایی کردووە. دایکی بە بێوەژنی ئەرکی بەخێوکردنی دەگرێتە ئەستۆی خۆی. دایکی ژورێک بە کرێ دەگرێت لە کەسێکی خانەنشین، بۆ ئەوەی تیایدا بژین. هێرمان بۆخوێندن ئە چێتە زانکۆی ئەمستردام ( بە شی زمانی کلاسیکی کۆن) لە ساڵی دووەمی خوێندنەکەیدا هۆنراوەی { مەی } کە هۆنراوەیەکی دوورو و درێژە، دەهۆنێتەوەو لە نامیلکەیەکدا بڵاوی دەکاتەوە.

ساڵی 1890 کتێبێکی شیعری نایاب بە چاپ دەگەیەنێت بە ناوی (هۆنراوە).هێرمان یەکێک دەبێت لەشاعیرو نووسەرانی (هەشتاکان) .واتا 1880 تاکو 1894ئەم گروپە لە چەند شاعیرو نووسەرێک پێکهاتبوون. کاری ئەوان تازەکردنەوەی شیعری هۆڵندی بوو، تا هەنگاوێک بەرەوپێشەوەی بەرن. لە ژێر ڕۆشنایی و پشتبەستن بە شیعروو ئەدەبی (ئینگلیزی و فەرەنسی و ستایلیی ڕۆژئاوا) .بابەتی سروشت و خۆشەویستی و تاقیکردنەوە لە ئەدەبی ڕۆمانتیکدابۆ ئەو گروپە گرنگ بوو. دوای چەند ساڵێک، هێرمان بە نزیک بوونەوەی لە ئەدەبی ڕیالیستی و سەرقاڵ بوەنەوەی بە سیاسەتەوە، باوەڕی بەبزوتنەوەی { هەشتاکان } کەمبووە. بوو بە چالاکوانوو هەڵسوڕاوەیەکی سۆشیالیستی.

**(ژیان و کەسایەتی و کاری سیاسی هێرمان خۆرتەر)**

ئەو سەردەمەی کە خوێندکار ئەبێت، دۆستایەتی لەگەڵ{Wies Koopmans } پەیدا دەکات و ساڵی ١٨٩٠ هاوسەرگیری دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا دوو خۆشەویستی دیکەشی هەبووە بە ناوەکانی .{Ada Prins en Jenne Clinge Doorenbos } لەگەڵ شیعرنووسیندا هە ڵسوڕاوەیەکی سۆشیالیستی بووە ..ناوەڕۆکی هۆنراوەو نوسینەکانی، بەشێوەیەکی سەرەکی باسیان لە مارکسیزم کردووە. لە ڕێگەی قەسیدەکانیەوە بانگەوازی بۆ مارکسیزم کردووە و نووسینەکانی بە سۆشیالیزم دەوڵەمەند کردووە. لە دانیشتنی لەگەڵ ئە ندامی پارتوو ڕێکخراوە سیاسیەکاندا، بەڕاشکاوی قسەیکردووە وکەسێک بووە حەزی بە باسوو خواز بووە. وتویەتی من باوەڕم بە سۆشیالیزمە { لە دڵەوە تا گورچیلە }* .

لەگەڵ { پارتی سۆشیال دیمۆکرات } دا لەکێشەدا بووە

لەبەر دوو هۆ..

یەکەمیان: لەبەر هەڵوێستی و بیروباوەری قوڵی بە مارکسیزم و سۆشیالیزم وئامادەی سازش نەبووە، زۆرتووند بووەو زیاتر خۆی بەکەسێکی ڕاستگۆتر زانیوە.

دووەمیان: کەسێک بووە حەزی بەوەرزشی گۆڵف و هەڵگەڕان بە سەرچیاداو بایەخی زیاتری بە خۆیداوە* ..

ساڵی 1916 خێزانەکەی کۆچی دوایی دەکات.. لەپاش گەڕانەوەی لە وڵاتی سویسرا هێرمان خۆرتەر

لە ساڵی 1927 کۆچی دوایی دەکات.

*( لە دڵەوە تا گورچیلە} لەئەدەبی کۆندا وا وتراوە، هەتا ئێستاش هۆڵندییەکان بۆ شتێک کە باوەڕی تەواویان بەشتێک بێت بەکاری دەهێنن .. لە ئێستادا ئەڵێین تامۆخی سەرئێسک.

*لەو سەردەمەی کە نووسەر تیایدا ژیاوە لەو جۆرە وەرزشانەزیاتر بە پارە بووە .. بۆ جل و بەرگیش باوەڕی بەخۆگۆرین هەبووە.. بۆیە هاوڕێکانی پێیان وابووە ئەوشتانە دوورە لەکەسێکەوە کە سۆشیالیست بێت.. ئەوە باوەڕی کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی تر بوو هەتا کۆتایی ساڵانی پێش ٢٠٠٠ سۆفی گەریانە بیریان لە کۆمۆنیزم ئەکردەوە.. ئەبوایە { جل و بەرگی تازەت لەبەر نەکردایە و بایەخی زۆرت بەخۆت نەدایە.. ئەمە بیروباوەڕی هەردوو کۆمەڵەی زەحمتکێشانی ئێران و، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی عێراقیش کەباوەڕیان بە ژنهێنان و سۆزداری نەبوو لەسەرەتای دروستبوونیانەو وە.. دواتر زۆریش لە کۆمۆنیستەکان باوەڕیان بە خۆگۆڕین و بایەخدان بەخۆ کەمتربوو.

**وەرگێڕانی: ئەحمەد جوانکار**




## دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەندان هیوا ساڵح و کاوان قادر

